

هەواڵنامەی کتێب

# سێ ڕچەشکێنی کورد

## لە مێژووی یاسایی و دادوەریدا

ئەحمەد فائیز، مەلا کاکە حەمەی تاڵشی، ئیبراهیم ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# سێ ڕچەشکێنی کورد

## لە مێژووی یاسایی و دادوەریدا

**ئەحمەد فائیز، مەلا کاکە حەمەی تاڵشی، ئیبراهیم ئەحمەد**

حەبیب محەمەد جاف
پارێزەری ڕاوێژکار

نووسینی: حەبیب محەمەد جاف

پێداچوونەوەی: د. یاسین تەها

بابەت: لێکۆڵینەوە

هەڵەگری: م. عەلی پەرلەمان

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

تیراژ: (٥٠٠) دانە

چاپخانە: کارۆ

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ٢٠٢٦/ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٢١٨٢)ی ساڵی ٢٠٢٦ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەرۆك

پێشەكی ........................................................................................ ٧
ئەحمەد فایز بەرزنجی و چاكسازیی دەستووری لە سەڵتەنەتی عوسمانیدا........ ٩
كۆكردنەوەی شەریعەت و یاسا و كورداندنیان لە كارەكانی مەلا كاكە حەمەدا .. ٢٧
كاروانی یاسایی و دادوەریی ئیبراهیم ئەحمەد؛ ئەو دادوەرەی دادگایی كرا ... ٥٣
پاشكۆی وێنە و بەڵگەنامەكان ....................................................................... ٧٣

هەواڵنامەی كتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لە فیکری یاسایی و دەستووریی نێو مێژووی هاوچەرخی کورد، کە تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندە فەرامۆشکراوەکانی بونیادی یاسایی لە ناوچەکەدا. تەوەری سەرەکیی ئەم بەرهەمە بریتییە لە شیکردنەوەی دیدگا و بۆچوونە یاساییەکانی سێ کەسایەتیی دیاری بواری شەریعەت و یاسا (ئەحمەد فایز بەرزنجی، مەلا کاکە حەمەی تاڵ شی و ئیبراهیم ئەحمەد) و ڕۆڵیان لە دارشتنی بڕیارەکان و پەرەپێدانی چوارچێوە دەستوورییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و پاشان دەوڵەتی عێراقیدا.

گرنگیی ئەم کارە لەوەدایە کە نووسەر تەنها لەسەر ئاستی گێڕانەوەی مێژوویی نەوەستاوە، بەڵکو لە ڕێگەی پشتبەستن بە دەستنووس و بەڵگەنامە ئەرشیفییەکان، تیۆری و فیکری یاسایی ئەم شەرعزان و یاساییانەی کوردی وەک ڕیفۆرمخوازانی کارا خستووەتە ڕوو؛ ئەو نوخبەیەی کە توانیویانە بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی بەرگری لە گونجاندنی سیستمە یاساییەکان لەگەڵ بنەماکانی شەریعەت و پێویستییەکانی سەردەمدا بکەن.

ناوەڕۆکی کتێبەکە لەسەر بنەمای کرۆنۆلۆژیای مێژوویی، بۆ سێ تەوەری سەرەکی دابەش کراوە:

* تەوەری یەکەم :تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کاروانی زانستی و یاسایی "ئەحمەد فایز بەرزنجی"؛ وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی

ڕیفۆرمی دەستووری و داڕێژەرانی دیدگای یاسایی لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا.

**تەوەری دووەم:** شیکردنەوەی هەوڵە نوێگەرەکانی "مەلا کاکە حەمەی تاڵشی" دەگرێتە خۆ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەت لە بواری نیشتمانیکردنی (کورداندنی) چەمکە یاساییەکانی عێراق و هەوڵە زانستییەکانی بۆ هاوسەنگکردنی یاسا و شەریعەت.

**تەوەری سێیەم:** خوێندنەوەیەکی وردی بەڵگەنامەییە بۆ چالاکییە یاسایی و سیاسییەکانی "ئیبراهیم ئەحمەد" لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا و شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر گوتاری یاسایی ئەو سەردەمە.

جێی ئاماژەیە، ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا وەک زنجیرە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لە "ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی" لە زانکۆی سلێمانی و بابەتێك لە "دیداری ئیبراهیم ئەحمەد" پێ شکەش کراون. هەروەها سەرجەم ئەو بەڵگەنامانەی لەم کارەدا پشتیان پێ بەستراوە، لە ئەرشیفی دیجیتاڵیی "ناوەندی کوردستان"دا پێڕست کراون. لە کۆتاییدا، پێزانین و دەستخۆشی ئاراستەی هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنانە دەکرێت کە هاوکار و یارمەتیدەربوون لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کەڵک وەرگرتن لە کەرەستە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە ناوی بەشێکیان لە لیستی سەرچاوەکانی کتێبەکەدا ئاماژەی پێ دراوە.

هەواڵنامەی کتێب



# ئەحمەد فایز بەرزنجی و چاکسازیی دەستووری
# لە سەڵتەنەتی عوسمانیدا

هەواڵنامەی کتێب

## دەسپێک

ئەم بـابەتە خسـتنەڕووی بۆچـوونە یاسـایی و دەسـتوورییەکانی "ئەحمەد فایز بەرزنجی"یە لەبەر ڕۆشنایی دانراوێکی تایبەتی خۆی بەناوی "الحبل المتين فى تطبيق القانون الأساسي مع الشرع المبين"، کە بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی نووسـیویەتی لە چوارچێـوەی بەرگریکردنی لە یەکەم دەستووری عوسمانی. بابەتەکە لە دوو تەوەر پێکدێت؛ یەکەمیان ڕیفۆرمە یاسایی و دەستوورییەکانی عوسـمانی و دووەمیشیان بۆچوونەکانی "ئەحمەد فایز"ە لەسەر بنەمـا یاسـایی و دەستوورییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا.

کتێبخانەی هەولێر

### ئەحمەد فایز.. ژیان و بەرهەمی

ئەحمەد فایز نەوەی سەید ئەحـمەدی گـڵەزەردە و شـێخ عیسـای بەرزنجەیە. لە ساڵی ١٨٤٢ی زایینی لەدایک بـووە و هەر لە تەمەنـی منداڵییەوە لەژێر چـاودێریی باوکیـدا دەسـتی بە خوێنـدن کـردووە، قورئانی پیـرۆز و سـەرەتای زانسـتە زمانەوانییەکـانی لای ئەو تەواو کردووە. دواتر بۆ قووڵبوونەوە لە زانستە ئیسـلامی و عەقڵییەکانـدا، ڕووی لە حـوجرەی زانایـانی نـاوداری ئەو سـەردەمە کـردووە لە سـلێمانی و کوردسـتان و ئیجـازەی زانسـتی لای ئەوان وەرگرتـووە. پاشان وەک مودەڕیس لە مزگەوتەکـانی سـلێمانی لە سـاڵی ١٢٧٧ی کـۆچی دەسـتی پـێ کـردووە. دواتـر بەهـۆی لێهـاتوویی لە زانسـتە

شـەرعی و یاسـاییەکاندا، چەنـدین پۆسـتی گرنگـی دادوەریـی پـێ سپێردرا؛ لەوانە قازیی قەرەداغ لە ساڵی ١٨٧٧، قازی لە ناوچەکانی دەوروبەری بەغـدا لە سـاڵی ١٨٨٠، قـازیی بەسرە لە سـاڵی ١٨٨٣ و پاشـــان قـــازیی موســـڵ لە ســـاڵی ١٨٨٦. هەر لەو ســـاڵەدا وەک ڕێزلێنانێـک بـۆ شـارەزاییە زۆریـیەکەی، کـرا بە ئەنـدامی "کـۆڕی گەورەی زانیـاری (Meclis-i Kebir-i Maarif) "لە ئەسـتەنبوڵ، کە ئەمەش نیشـانەی پـێگە و نفـووزی زانسـتیی ئەو بـوو لە پـایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا.

ئەحمەد فایز بەرزنجی تەنها دادوەر نەبووە، بەڵکـو نووسـەرێکی بەپیت و خاوەن دیدگایەکی فرەزمـان بـووە. نـزیکەی ٢٠ بەرهەمـی زانسـتیی لە دوای خـۆی جێهێشـتووە، کە دیارترینیـان کتێبـی (کنـز اللسن)ـــە؛ بەرهەمێـک کە تێیـدا شـارەزایی و داهێنـانی خـۆی لە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، تـورکی و فارسـی)دا نیشـان داوە. ئەم زانا و دادوەرە ڕیفۆرمخوازە، دوای تەمەنێکی پڕ لە خزمەتی یاسایی و مەعریفی، لە ساڵی ١٩١٨ی زایینـی لە شـاری ئەسـتەنبوڵ کـۆچی دوایی کردووە. (بڕوانە: کۆمەڵێك توێژەر، ٢٠٢٤: ٤_٣٠).

هەموو النامەی کتێب

## تەوەری یەکەم: تەنزیمات و دەستووری عوسمانی

یەکێک لە بەرهەمەکانی قۆناغی "تەنزیماتی عوسمانی" بریتی بوو لەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو بە خاوەنی یەکەم دەستووری نووسراو کە تێیدا زۆربەی چەمکەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، چ لە ڕووی شێوەوە و چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، وەک چەمکەکانی (ئازادی، یەکسانی و بەشداریی سیاسی). گرنگترین ئەو چەمکانەشی کە گۆڕانی بەسەردا هات، بریتی بوو لە چەمکی "هاوڵاتیی عوسمانی" کە جێگەی "ڕەعیەت"ی جارانی گرتەوە.

ئەڵبەتە لە سەردەمی تەنزیماتی دەوڵەتی عوسمانیدا، یاسای نووسراوی زۆر کەم هەبوو جگە لە کۆمەڵێک ڕێسای گشتی و ڕێنمایی سەردەمی سەلجوقییەکان، لەگەڵ هەندێک یاسا کە سوڵتانی نێودار "محەمەدی فاتیح" دەریکردبوو بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتەکان دوای دەستبەسەرداگرتنی قوستەنتینیە (أحمد، ٢٠١٩: ٧). بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتی عوسمانی کاری بەو یاسا و ڕێسا گشتییانە دەکرد کە لە شەریعەتی ئیسلامی و مەزهەبی حەنەفییەوە سەرچاوەیان گرتبوو، تەنانەت ئەگەر کەسێک بکرایە بە دادوەر (قاضي) لە دەوڵەتی عوسمانیدا، لەسەر هەر مەزهەبێکی تری ئیسلامی بوایە، دەبوایە مەزهەبی خۆی بگۆڕایە بۆ مەزهەبی فەرمی عوسمانی کە مەزهەبی حەنەفییە (أحمد، ٢٠١٩، ل. ١٠).

جگە لە گوشارەکانی ئەوروپا، فەلسەفەی "تەنزیمات" دەرئەنجامی خۆگونجاندنی دەوڵەتی عوسمانی بوو لەگەڵ ئەو

نوێگەرییەی کە دەستەبژێری دەوڵەتـی عوسـمانی داوای دەکـرد (لە تورک و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکە)، کە بریتی بوو لە گواستنەوەی گەشەی نوێگەریی ئەورووپی لە بواری سیاسی، ئیـداری، یاسـایی و سەربازیدا بۆ ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی (زیـارة، ٢٠١٧: ٤١).

سـەرەتای ئەم تەنـزیماتە لە گرنگیـدان بە بـواری سـەربازییەوە دەستی پێکـرد کە سـوپا و هێـزی شـەڕکەری عوسـمانی، بەتـایبەتی (ئینکییشـاری و سـەپاهی) دەگـرتەوە (مـورو، ٢٠١٨: ٣١)؛ چـونکە بەشێک لەو نـوخبە سـەربازی و ڕۆشـنبیرەی کە ڕەخنەیـان لە کـۆی مەنـــزوومەی دەوڵەت دەگـــرت، زیـــاتر جەختیـــان لەســـەر ئەو پاشەکشـــەیەی بـــواری ســـەربازی دەکـــردەوە کە بەســـەر دەوڵەتـــی عوسمانیدا هاتبوو. چاککردنی ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، چـونکە دەوڵەتی لەگەڵ هێزی چەکدار ڕووبەڕوو دەکردەوە.

ئەم چاکسازییانە بێجگە لە لایەنی سەربازی (کە ئەورووپییەکـان حەزیـــان پێنەدەکـــرد بـــۆ ئەوەی دەوڵەتـــی "پیـــاوە نەخۆشـــەکە" هەڵنەسـێتەوە)، بـواری ئیـداری، سیسـتەمی سیاسـی و یاساییشـی گرتەوە. سەرەتاکانی لە دەرچوونی هـێڵە گشـتییەکانی تەنـزیمات لە (خەتی گوڵخانە، ١٨٣٩)ـەوە دەستی پێکـرد و گرنگترینیشـیان بریتـی بوو لە (خەتی هۆمایۆنی، ١٨٥٦) کە داواکاریی ئەورووپییەکـان بـوو بە مەبەسـتی دەرچـوونی یاسـایەک کە بە یەکسـانی مـامەڵە لەگەڵ هەمـوو پێکهاتەکـانی نـاو دەوڵەتـی عوسـمانی بکـات، بەتـایبەتی

مەسیحی و جووەکان. لەم میانەیەشدا یەکێک لەو یاسایانەی کە لە ساڵی ١٨٦٩ دەرچوو، یاسای (تەبەعیەی عوسمانی) واتە یاسای (ڕەگەزنامە - قانون الجنسية) بوو (كوثراني، ١٩٨٨، ل. ٣٣). ئەم یاسایە دواتر لێکەوتەی زۆری دروست کرد، تەنانەت لێکەوتەکانی لە عێراقدا تا ساڵانی حەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو، کاتێک حکومەتی عێراقی لە سەردەمی جەنگی عێراق-ئێراندا پشتی پێ بەست بۆ لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لەو کوردە فەیلییانە بە بیانووی ئەوەی وەک "تەبەعەی دەوڵەتی عوسمانی" تۆمار نین، بەوەش لەقەڵەمدران کە تەبەعەی دەوڵەتی ئێرانین و بەو هۆیەشەوە ڕاگوێزران.

**جەمسەرگیرییەکان لەبارەی دەستووری عوسمانی**

دەستووری دەوڵەتی عوسمانی کە بە "قانونی ئەساسی" دەناسرایە، لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٧٦ دەرچووە. بەپێی ناوەڕۆکی دەستوورەکە، بەشێکی زۆری ئیلهامی لە دەستووری فەرەنسا، بەلجیکا و دەستووری بەریتانی (ماگنا کارتا) وەرگرتووە (نعمة، د.ت، ماددەکانی ١-٢٦).

دەستوورەکە لە ١١٩ ماددە پێکهاتبوو و گرنگترین بنەماکانیشی ئەمانە بوون:

سوڵتانی عوسمانی بە "موقەدەس و نابەرپرس" (مقدس و غير مسؤول) ناسێنرا؛ دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، لە پێدانی پلە و پایەوە

تا ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی، بەستنی پەیماننامە، کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکان و هەڵوەشاندنەوەیان.

لەو دەستوورەدا باسی ئازادیی هاوڵاتیانی عوسمانی و یەکسانییان لە ئەرک و مافدا کراوە، کە ئەمە تێپەڕاندنی قۆناغێک بوو بە نیسبەت شوێنکەوتووانی ئایینەکانی ترەوە.

پێکهاتەی پەرلەمانی عوسمانی کرا بە "ئەنجومەنی گشتی" کە لە دوو ئەنجومەن پێکدەهات: (ئەنجومەنی ئەعیان - مجلس الاعيان) و (ئەنجومەنی نێردراوان - مجلس المبعوثان).

نووسینەوە و دەرکردنی یاساکان لە سەڵتەنەتی عوسمانیدا، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەم کە گرنگترینیان دەستوور بوو، بە دەسپێکی سەردەمێکی نوێ دادەنرێت. بۆیە دوو بەرە لە دەوڵەتی عوسمانیدا سەبارەت بە "تەنزیمات" بە گشتی و یاسا نوێیەکان بەتایبەتی سەریانهەڵدا (كوثراني، ٢٠٠١: ٨٣):

بەرەی یەکەم: ئەو بەرەیە بوو کە پشتگیریی ئەو چاکسازییە یاسایی و دەستوورییانەی دەکرد و پێیان وابوو بەم جۆرە دەتوانن دەوڵەتی عوسمانی لە هەرەس و تیاچوون بپارێزن، هەموو جومگەکانی دەوڵەت نوێ بکەنەوە و بیگەیەننە ئاستی گەشەسەندنی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان. ئەم بەرەیە زیاتر بە (عوسمانییە تازەکان) یان (عوسمانییە گەنجەکان) ناسران.

ئەڵبەتە ئەم بەرەیە تەنیا تورکەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو نوخبەیەکی بەرفراوانی لە جیهانی ئیسلامی بەگشتی و جیهانی

عەرەبیشـی دەگـرتەوە کە هەموویـان ئینتـیمای "عوسـمانی" (یـان هاوڵاتیی عوسمانی و سـەرزەمینی عوسـمانی) کـۆی دەکـردنەوە لە بەرامـبەر دەسـتەواژەی "هـاوڵاتیی ئەورووپـی". ئەمەش زیـاتر لە یاسای (تەبەعەی عوسمانی - الجنسية العثمانية) کە لە سـاڵی ١٨٦٩ دەرچوو ڕەنگی دایەوە؛ چونکە لەو یاسـایەدا هەمـوو دانیشـتووان و هاوڵاتیانی نیشتەجێی سەرزەمینی عوسمانی بە "عوسمانی" دانـران. لە مـاددەی (٨)ی یاسـاکەدا هـاتبوو: "هەر کەسـێک لە تەبەعەی عوسـمانی بێـت (واتە هەڵگـری ڕەگەزنـامەی عوسـمانی بێـت)، بـێ جیاوازیی ئاین و مەزهەب، پێـی دەوترێـت عوسـمانی و بـۆی هەیە سـیفەتی عوسـمانی هەڵبگرێـت" (دەسـتووری عوسـمانی، ١٩٠٨، مـاددەی ٨). ئامـانجیش لەم یاسـایە چەسـپاندنی دەسـتەواژەی "هاوڵاتیبوون" بوو.

بەرەی دووەم: بریتـی بـوو لە کۆمەڵێـک خەڵکـی کۆنەپـارێز (کۆنزەڤـاتیف) هەر لەنـاو دەوڵەتـی عوسـمانیدا، کە پێیـان وابـوو هۆکاری لاوازبوونی دەوڵەت لادانە لە بەرنامە و سیاسـەتی پێشـینان (سـەلجوقییەکان و عوسـمانییە یەکەمینەکـان). ئەوان پێیـان وابـوو پێویستە ڕێگە بگیرێت لە بەرنـامەی تەنـزیمات، چـونکە بە لادانیـان دەزانی لە بیروباوەڕی ئیسلام و پێشینان.

## تەوەری دووەم: بۆچوونە یاساییە ڕیفۆرمخوازەکانی أحمد فایز

پێگەی ئەحمەد فایز لە مشتومڕەکانی پەیوەست بە دەستوور

ئەحـمەد فـایز بەرزنجـی، سـەرەڕای ئەوەی دادوەرێکـی بەتوانـا بـووە، زانـایەکی گەورەش بـووە لە بـواری زانسـتە شـەرعییەکاندا. پێشینەی کارەکانی و ڕاسپاردنی بۆ چەنـدین پلە و پـایەی گرنـگ لە دەوڵەتی عوسمانیدا، کە بەشێکیان لەلایەن خودی سـوڵتانەوە بـووە، ئەوە دەردەخەن کە زانایەکی چاکسازیخواز بووە؛ هاوشێوەی "ڕەشید ڕەزا" لە سەڵتەنەتی سـوننیی عوسـمانی و "حوسـێن نـائیینی" لەنێـو شـیعەکاندا، کە پشـتگیریی شۆڕشـی دەسـتوورییان لە ئێـران (مەشرووتە) دەکرد (کوثراني، ٢٠٠١: ٨٣-٩٠).

مەرجەعیەتـی فیکریـی ئەحمـەد فـایز، ڕەشـید ڕەزا و حوسـێن نائیینی، بریتی بووە لە "دوانە شارستانییەتەکە" (الثنائية الحضارية)، واتە کـۆکردنەوەی شارسـتانیەتی ئیسـلامی لەگەڵ گەشـەی شارستانیەتی ئەورووپی، کە پرنسیپەکانی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا هاوئاهەنگ بوون، بەتایبەتی لە بواری حوکمڕانیدا کە لە "شـوورا"دا خۆی دەبینییەوە، یان ئەوەی حوسێن نـائیینی نـاوی لێنـابوو (ڕێسـا سروشتییەکان کە لەگەڵ یاسـا ئیسـلامییەکاندا هـاوتەریبن). ڕەشـید ڕەزاش پێـی وابـوو ئەگەر تێکەڵاوبـوونی شارسـتانی لەگەڵ ئەورووپییەکان ڕووی نەدایە، ئـێمە نەدەهـاتینەوە هـۆش خۆمـان و نەماندەزانی کە ئەم یاسا گرنگانە لە ئایینەکەماندا بوونیان هەیە.

ئەحـمەد فـایزبە حـوکمی ئەوەی زانـا، فەقـێ و دادوەر بـووە و چەندین پۆستی گرنگی لە سەڵتەنەتدا وەرگرتـووە، تێکەڵـی نـوخبەی خوێندەوار و بەئاگای عوسمانی بووە. دەکرێت بگوترێت ئەو دەچێتە چوارچێوەی ئەو نوخبەیەی پشتیوانی بیری تەنزیماتیان دەکرد، بەڵام بە ڕەگ و ڕیشـەیەکی ئیسـلامییەوە؛ چـونکە لە جیهـانی عوسـمانیدا نـوخبەیەکی تـر هەبـوو کە بە ڕەهـایی داوای دەکـرد سـەڵتەنەت پەیڕەوی بیری ڕۆژئاوایی بکـات و پێیـان وابـوو نابێـت ئـایین هـیچ ڕۆڵێکـی لە نـوێکردنەوەی دەوڵەتـدا هەبێـت. لەم کێشمەکێشـەدا، ئەحمەد فـایز پێـی وابـوو کە نوێخـوازی ڕەگ و ڕیشـەی لە ئـایینی ئیسـلامدا داکوتـاوە، بەڵام موسـڵمانان خۆیـان نەیـانتوانیوە دەری بخەن، هەروەها پێی وابوو بەشێک لە گەشەی فیکریـی حـوکمڕانیی ئەورووپی سوودی لە بنەما و ڕێساکانی ئیسلام وەرگرتووە.

دوای بەرزبـوونەوەی دەنگــی نـاڕەزایی دژی یەکەم دەسـتووری عوسمانی بەو ناوەی کە گوایە پێچەوانەی ڕێسا ئیسـلامییەکانە و لادانە لە بیروبـاوەڕی پێ شینان، ئەحـمەد فـایز نـامیلکەیەکی نووسـی کە لە سـەردەمی دەرچـوونی دەسـتووردا چـاپ و بـڵاو کـرایەوە (وەک بەرگرینـامەیەک لە یاسـای بنەڕەتـی). لەوێـدا بەرگـری لە دەسـتوور دەکات و جەخت دەکـاتەوە کە هەمـوو ئەو پرنسـیپانەی لە دەسـتووردا هـاتوون، ڕەگیـان لە ئیسـلامدایە. ئەو بە زمـانێکی شـەرعی، فیقهـی و یاسایی گفتوگۆی پرنسیپەکانی دەستوور دەکات و وەڵامی ئەو گومانانە دەداتەوە کە لەسەر دەستوورەکە دروست کرابوون (بەرزنجی، ب.ڕ).

هەمووالنامەی کتێب

**پۆلێنی ئەحمەد فایز بۆ یاسای عوسمانی**

لێرەدا بە کورتی بەشێک لەو پرنسیپە گشتییانە دەخەینە ڕوو کە ئەحمەد فایز بەرزنجی داکۆکییان لێ دەکات، ئەمەش لەسەر بنەمای قەواعیدی شەرعی و ئوسووڵی فیقهی ئیسلامی و شێوازی حوکمڕانی لە ئیسلامدا، بە پشت بەستن بە قورئان، سوننەت و ڕەفتاری خەلیفە ڕاشیدەکان، کە پێدەچێت کتێبی "الاحکام السلطانية"ی ماوەردی سەرچاوەیەکی گرنگی بووبێت. ئەحمەد فایز یاسا دەکات بە دوو بەشەوە، بۆ ئەوەی بنەما سەرەکییەکانی دەستووری عوسمانی ورد بکاتەوە و ڕەگ و ڕیشەی ئوسووڵیان بۆ بدۆزێتەوە (البرزانجي، د.ت: ٣):

بەشی یەکەم: بریتییە لەو یاسا و ڕێسایانەی حوکمڕانییان پێ دەکرێت و مانەوە و بەردەوامیی حکومەت و نەتەوەیان پێوە بەستراوەتەوە؛ ئەوانیش بریتین لە "شوورا"، بەرپاکردنی دادپەروەری لەنێوان بەندەکانی خودادا بێ جیاوازی، و یەکسانی لە مامەڵەدا. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک خەڵک بەبێ زانست تەفسیری هەڵە بۆ ئەم چەمکانە دەکەن و نازانن کە ئەم بنەمایانە تەواو گونجاون لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا، بەڵکو بەشێکی سەرەکین لە جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەت.

بەشی دووەم: بریتییە لەو یاسا و ڕێسا سیاسییانەی کە پەیوەندییان بە ئالییەت و میکانیزمی بەڕێوەبردنی حوکمەوە هەیە. ئەو پێی وایە ئەمە پەیوەندی بە فیکری ئیدارەدانی دەوڵەتەوە هەیە

و هەرچۆنێک ڕێک بخرێت، زیان بە بنەما شـەرعییەکان ناگەیەنێت. دیـاریکردنی ئەم میکانیزمـانە دەگەڕێـتەوە بـۆ "وەلـی ئەمـر" و دەسەڵاتدار، بەپێی پێویستیی مەملەکەت؛ وەک ژمـارەی ئەنـدامانی ئەنجومەنی شوورا، دیاریکردنی ئەرکەکانیان، چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئەنجومەنە خۆجێییەکان، دابەشکردنیان و هتد.

### تێگەیشتنی ئەحمەد فایز بۆ حوکمڕانی شوورا:

ئەحمەد فایز لە باسـی چەمکـی "شـوورا"وە دەسـت پـێ دەکـات (البرزنجـي، د.ت: ٤). مەبەسـتی لێـرەدا "ئەنجـومەنی ئەعیـان و مەبعووسان"ە (مجلس الاعيان و المبعوثان) کە لە دەستووری ١٨٧٦دا وەک پەرلەمانی سـەڵتەنەت هـاتبوو (دەسـتووری عوسـمانی، ١٩٠٨، ماددەکـانی ٤٢-٨٠). ئەو هەمـوو بنەمـا شـەرعییەکان لە قورئـان و سوننەت و وتەی هاوەڵانەوە ڕوون دەکاتەوە و جەخت دەکـاتەوە کە هیچ کەسێک هێندەی پێغەمبەر (د.خ) خاوەن عەقڵێکی گەورە نەبووە و وەحیشی بـۆ هـاتووە، کەچـی لەگەڵ ئەوەشـدا کەس هێنـدەی ئەو پرس و ڕاوێژی بە هاوەڵانی نەکردووە.

ئەحـمەد فـایز بـۆ ئەم مەبەسـتە چەنـدین ئـایەت و فەرمـوودە دەهێنێتەوە وەک: (وامرهم شورى بيـنهم) و (وشـاورهم في الامـر)، تەنـانەت ئامـاژە بەوەش دەکـات کە پێغەمـبەر (د.خ) ڕاوێـژی بە ئافرەتـانیش کـردووە (البرزانجـي، د.ت: ٤). ئەو دەیەوێـت بڵێـت پێغەمبەر پێویستی بە ڕاوێژ نەبووە چونکە وەحـی بـۆ دەهـات، بەڵام

ئەمەی بۆ ئەوە کردووە تا ببێتە سوننەت و "ئوممەت" لە کاروبارياندا پەيڕەوی بکەن. لەبەر ئەوەی ئێستا ڕووبەری وڵات بەرفراوان بووە، دەبێت ئەم پرنسيپە بکرێتە دەستوور و لە هەموو هەرێمەکانی عوسمانيدا پيادە بکرێت.

**دادپەروەری (عەدالەت):**

لە باسی دادپەروەريدا، ئاسۆی بيرکردنەوەی ئەحمەد فايز زۆر فراوانە. ئەو پێی وايە دادپەروەری پەيوەنديی بە موسڵمانبوون يان ناموسڵمانبوونەوە نييە؛ بەڵکو بنەمايەکی خوايی و سوننەتێکی گشتيی گەردوونە. مانەوەی هەر دەوڵەتێک بەندە بە دادپەروەرييەوە. ئەو هەمان پرنسيپی "ئيبن تەيمييە" دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێت: "دەوڵەتی کوفر ئەگەر دادپەروەر بێت بەردەوام دەبێت، بەڵام دەوڵەتی موسڵمان ئەگەر ستەمکار بێت کۆتايی پێ دێت". تەنها بە دادپەروەری سەر و ماڵ و کەرامەتی مرۆڤ دەپارێزرێت (البرزنجي، د.ت: ٥-٦).

**يەکسانی (المساواة):**

ئەحمەد فايز باس لە يەکسانيی سەرجەم هاوڵاتيانی عوسمانی دەکات لە ئەرک و مافدا. پێی وايە نابێت هيچ جياوازييەک لەنێوان "ڕەعيەت" و "سوڵتان"دا لەبەردەم ياسادا هەبێت، هەروەها نابێت جياوازی بەهۆی ئايين و مەزهەبەوە بکرێت (موسڵمان، مەسيحی و جوو وەک يەک بن). ئەمە تێڕوانينێکی جياواز بوو لە چاو سەردەمەکانی پێشتری خەلافەت، کە تێيدا هەڵگرانی ئايينەکانی تر

مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵ دەکرا (وەک جیاوازی لە جلوبەرگ بۆ ناسینەوەیان، کە ئەحمەد فایز دەڵێت ئەمە ئیجتیهادی حاکمەکان بووە نەک بنەمای شەرعی) (البرزانجي، د.ت: ٨-٩).

ئەو نموونەیەک لە مێژووی دادوەریی ئیسلامی دەهێنێتەوە، ئەویش چیرۆکی "ئەبوو یوسف"ە (دادوەری سەردەمی هاروونە ڕەشید). کاتێک کێشەیەک لەنێوان خەلیفە و کەسێکی مەسیحیدا دروست دەبێت، ئەبوو یوسف حوکمەکە لە بەرژەوەندیی مەسیحییەکە دەدات. ئەحمەد فایز دەیەوێت بڵێت دادوەرە موسڵمانەکان تەنانەت بەرامبەر خەلیفەش بێلایەن بوون. بۆیە یەکسانیی مەسیحی و جووەکان لەگەڵ موسڵمانان بەو مانایە نییە کە ئێمە بچینە سەر ئایینەکەیان، بەڵکو بەو مانایەیە کە قبووڵیان بکەین وەک ئەوەی هەن. ئەم تێگەیشتنە فەلسەفییە لە دەستووری عوسمانیدا لە ماددەکانی ١١ و ١٧دا ڕەنگی داوەتەوە، کە جەخت لە پاراستنی ئازادیی ئایینەکان و یەکسانیی هەموو عوسمانییەکان لەبەردەم یاسادا دەکەنەوە.

# دەرئەنجام

**دەرەنجامە گشتییەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

١. قۆناغی تەنزیمات و دەرچوونی دەستووری ١٨٧٦، تەنها گۆڕانکاریی ئیداری نەبوون، بەڵکو گۆڕانکاریی بوون لە جەوهەری فەلسەفەی حوکمڕانیدا؛ بە جۆرێک چەمکی "ڕەعیەت "کە لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی بونیاد نرابوو، گۆڕا بۆ چەمکی "هاووڵاتیبوون" کە لەسەر بنەمای ماف و ئەرک و یەکسانی لەبەردەم یاسادا بونیاد نراوە.

٢. لێکۆڵینەوەکە دەیسەلمێنێت کە زانایانی کورد (بە نموونەی ئەحمەد فایز بەرزنجی) تەنها وەرگری یاسا و بڕیارەکانی پایتەخت نەبوون، بەڵکو وەک تیۆریست و پارێزەرێکی کارای دەستوور ڕۆڵیان گێڕاوە. ئەوان توانیویانە لە ڕێگەی "ئیجتیهادی یاساییەوە" پردێکی مەعریفی لە نێوان شەریعەتی ئیسلامی و چەمکە دەستوورییە نوێیەکاندا دروست بکەن.

٣. ئەحمەد فایز بەرزنجی نوێنەرایەتی ڕەوتێکی "ناوەندگیر" دەکات کە بڕوای بە (دوانەیی شارستانی) هەبووە. ئەو توانیویەتی ڕەواییەکی شەرعی بە دەستوور ببەخشێت و ئەو ترسە بڕەوێنێتەوە کە دەیگوت نوێخوازی لادانە لە ئایین؛ بەڵکو ئەو دەستووری وەک ئامرازێک بۆ ژیاندنەوەی بنەما فەرامۆشکراوەکانی ئیسلام (وەک شورا و دادپەروەری) وێنا کردووە.

٤ . یەکێک لە دەرەنجامە گرنگەکان، تێگەیشتنی وردی دادوەرانی وەک بەرزنجییە بۆ پۆلێنکردنی یاسا؛ جیاکردنەوەی (یاسا بنەڕەتییەکان) کە جێگیرن، لە (میکانیزمە ئیدارییەکان) کە دەکرێت بەپێی کات و بەرژەوەندیی دەوڵەت بگۆڕدرێن. ئەم تێگەیشتنە دەرفەتی بە دەوڵەتی عوسمانی دا کە سوود لە ئەزموونی ئەورووپا وەربگرێت بەبێ ئەوەی دەستبەرداری ناسنامە ئایینییەکەی بێت.

٥. لێکۆڵینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە لای نوخبەی دادوەریی کورد، "دادپەروەری" چەمکێکی گەردوونییە و سنووری ئایین دەبڕێت. ئەم دیدگایە کە دەڵێت "مانەوەی دەوڵەت بەستراوەتەوە بە دادپەروەری نەک ئایین"، یەکێکە لە بنەما هەرە پێشکەوتووەکانی فیکری سیاسی و یاسایی ئەو سەردەمە.

٦ . یاساکانی قۆناغی تەنزیمات (بەتایبەت یاسای ڕەگەزنامەی ١٨٦٩) تەنها کاریگەرییان لەسەر سەردەمی عوسمانی نەبوو، بەڵکو لێکەوتەی درێژخایەنیان هەبوو کە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم کاریگەرییان لەسەر نەخشەی سیاسی و مافە مەدەنییەکانی ناوچەکە (بە تایبەت کوردانی فەیلی لە عێراق) هەبووە.

٧. لێکۆڵینەوەکە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە بەرگریکارانی دەستوور، سیستەمی پەرلەمانتاری و "ئەنجومەنی مبعووسان"یان وەک وەرگێڕانێکی واقیعی بۆ پرنسیپی "شورا" بینیوە، ئەمەش هەوڵێک بووە بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی ڕەهای تاکەکەسی و چەسپاندنی بەشداریی سیاسی.

# سەرچاوەکان


أحمد، نوزاد عباس. (٢٠١٩). *النظـام القضـائي في الدولـة العثمانيـة*. هەولێر.

البرزنجـي، أحمـد فـائز. (د.ت). *الحبـل المتـين في تطبيـق القـانون الاساسي مع الشرع المبين*. مخطوطة غير منشورة.

دەستووری عوسـمانی. (١٩٠٨). *القـانون الأسـاسي*. الطبعـة الرسـمية العربية، بيروت: المطبعة الادبية.

زيـارة، خالـد. (٢٠١٧). *المسـلمون والحداثـة الأوروبيـة*. قطـر: المركـز العربي للابحاث ودراسة السياسات.

كوثراني، وجيه. (١٩٨٨). *السلطة والمجتمع والعمل السياسي من تـاريخ الولاية العثمانية في بلاد الشام*. بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.

كوثراني، وجيه. (٢٠٠١). *الفقيه والسلطان جدلية الدين والسياسـة في ايران الصفوية -القاجارية والدولة العثمانية*. بيروت: دار الطليعة.

مورو، أوديل. (٢٠١٨). *الدولة العثمانية في عصر الإصـلاحات*. ترجمـة سعود المولى، قطر: المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات.

نعمة، نوفل. (د.ت). *الدستور*. مراجعة خليل الخورى، بـيروت: المطبعـة الادبية.

کۆمەڵێـك تـوێژەر (٢٠٢٤)، بابەتەكـانی دیـداری ئەحـمەد فـائیزی بەرزنجی. ناوەندی كوردستان، زانكۆی سلێمانی.



# کۆکردنەوەی شەریعەت و یاسا و کورداندنیان

## لە کارەکانی مەلا کاکە حەمەدا

هەواڵنامەی کتێب

# دەسپێک

هەوڵەکانی پێکەوەگونجاندنی شەرعزانیی ئیسلامی (الفقـه)، یاسا دانراوە نوێیەکان و پرۆسەی بەکوردیکردنیان، بەر لە سەدەیەک پێش ئێستا لە عێراق و پانتایی کوردیدا، بەتایبەت کەم و دەگمەن بوون، هەروەها بەدووریش نەبوون لە مەترسی و جۆرێک بوون لە ڕیسککردن؛ چونکە پاش دەرچوونی "تەنزیماتی عوسمانی" (١٨٧٦ _ ١٩٠٨)، بەشێک لە زانا ئایینییەکان، بەتایبەتی لەنێو تورک و عەرەب و ناوچەکانی خۆیاندا، ئەم هەنگاوەیان بە لادان لە بنەماکانی شەریعەت دادەنا، بەتایبەت کە بەشێک لە یاساکان وەرگیراو، یان هەڵهێنجراوی یاسا ئەورووپییەکان بوون، لەوانەش یاسا سزاییەکان کە کاریگەر بوون بە یاسای فەڕەنسا، ئەمەش لەگەڵ یاساکانی دەوڵەتی عوسمانیدا پێچەوانە بوو کە لە ئەحکامەکانی شەریعەت و لە مەزهەبی حەنەفییەوە هەڵهێنجرابوون (جانبولات، ٢٠١٢: ٣٨).

دوای هاتنی سوپای دەوڵەتە ئەورووپییەکان و داگیرکردنی بەشێک لە میراتی "پیاوە نەخۆشەکە"ی عوسمانی، لەگەڵ پاشەکشەی ئیداری و سەربازیدا، یاساکانیی ئەم دەوڵەتەش لەکار خران، لەنێویشیاندا لە عێراق و کوردستان، ئەمەش بۆشاییەکی بەجێ هێشت کە ئینگلیزەکان هەوڵی پڕکردنەوەیان دا. لەم سەروبەندەشدا یەکێک لەوانەی یاسا نوێیەکانی کوردانددووە "مەلا کاکە حەمەی تاڵشی"یە (١٨٩٠_ ١٩٦١ز)، لەم بابەتەشدا هەندێک لەو بەشداری و کۆششانەی ئەم مامۆستا ئایینییە ڕۆشنگەرە لەبەر ڕۆشنایی دەستنووس و بەڵگەنامە بەردەستەکان دەخەینە ڕوو.

## مەلا کاکە حەمەی تاڵشی: ژیان و خزمەتە زانستییەکانی

مەلا کـاکە حەمەی سـەیفوڵڵای تاڵشـی، نمـوونەی زانـایەکی ڕیفۆرمخـواز و زمـانزانێکی پێشـەنگی کـوردە. بنەمـاڵەکەی لە مەهابادەوە هاتوونەتە سلێمانی و هەر لەوێ لەدایک بووە (١٨٩٠). لەپێناو زانستدا پشتی لە بازرگانیی باوکی کرد و بۆ خوێندنی فەقێیەتی شارەکانی (سنە، سابڵاغ، سەقز، سەردەشت و کۆیە) گەڕاوە تا دواجار ئیجازەی زانستی وەرگرتووە.

سـەرەڕای ئەوەی لە سـەردەمی حـوکمڕانیی شـێخ مەحمـوودا قازیی سەنگاو و قەرەداغ بوو، بەڵام ژیانی شار و پلەوپایەی وەلا نا و ڕووی کـردە لادێکـان. بـڕوای وابـوو ڕزگـاریی نەتەوە تەنهـا لە "خوێندەواری"دایە، بۆیە تەمەنی خۆی بۆ وانەوتنەوەی خۆڕایی بە هەژاران لە دەیـان گونـدی ناوچەکـانی (قەرەداغ، گەرمیـان و خـانەقین) تەرخـان کـرد. شـێوازی وانەوتـنەوەی قوتابخـانەکەی مۆدێلێکی ناوازە بوو کە تێکەڵەیەک بـوو لە زانسـت، وەرزش، کـاری هەرەوەزی و پێگەیاندنی نەتەوەیی.

کەسایەتییەکی زەهدپەروەر و گۆشەگیر بوو؛ دوور لە ناوبانـگ و خۆدەرخستن، کاتەکانی بۆ پەرستش و زانست دابەش کردبوو. خاوەن عەقڵێکـی سیسـتەماتیک بـوو و گرنگییەکـی تـایبەتی بە فێربـوونی زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی) و زانسـتی ماتماتیـک دەدا. ئەو ئامـادە نەبـوو سـوود لە نفـووزی بنەمـاڵە ناسراوەکـانی سـلێمانی وەربگرێـت بـۆ وەرگرتنـی پۆسـت، بەڵکـو خزمەتکردنـی گوندنشینانی بە ئامانجی باڵای خۆی دەزانی. (بڕوانە: فەتاح، ١٩٧٢: ٥_٨؛ نیزامی ٢٠٢٥: ٩_١؛ ٢٣_٤٣).

عەوالنامەی کتێب

**کاکە حەمە وەك مەلایەکی یاساناس**

بە هـۆی ئەوەی "مەلا کـاکە حەمە" شـارەزای شـەرعزانی بـووە مـۆڵەتی مەلایەتـی وەرگرتـووە، لەگەڵ ئەوەشـدا بەرخـوردی لەگەڵ یاساکاندا هەبووە و کاری تێداکردوون، بۆ چۆنێتیی کـارکردن پێیـان توانیویەتی تێگەیشتنێکی جیاوازی هەبێـت، بەتـایبەت ئەو هاوشـانی دەقی یاساکان کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین، ئەرکـی وەرگێـڕان و بەکـوردیکردنی سـەرچاوە زانسـتی و موعتەبەرەکـانی شەریعەتیشـی گرتبووە ئەستۆ، لەوانەش قورئانی پیـرۆز، مینهـاجی ئـیمام نەوەوی، فەرائیز و... هتد کە تێکڕا ٤٤ دانراو و نووسراون (ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، دۆسیەی M.K175؛ فەتاح، ١٩٧٢: ١).

کوردانـدنی سـەرچاوە شـەرعییەکان لە لایەن مەلا کـاکە حەمەوە یارمەتیدەرێکی باش بـوون بـۆ فەقـێ و خوێنـدکارە کوردەکـان، بـۆ تێگەیشتن لە نێوەڕۆکی دەقەکان و خێراترکردنی بڕینی قۆناغەکـانی خوێندن (نیزامـی، ٢٠٢٥: ٤٩). شانبەشـانی ئەمەش مەلا کـاکە حەمە یاسا دانراوەکانی ئینتیدابی ئینگلیزی کـردووە بە کـوردی و گرنگیـی پێ داون، ئەمەش جگە لە بەردەستخستنی سەرچاوەی یاسایی گرنگ بە کـوردی بـۆ خوێنـدەوارانی کـورد، نیشـانەی فراوانیـی ئاسـۆی بیرکـردنەوەی ئەم مامۆسـتا ئـایینییە و تێپەڕانـدنی سـەردەمەکەی خۆیەتی. بەپێی ئەو دەستخەت و بەڵگەنامانەشی بەردەستن، ناوبراو هەندێک لەو یاسایانەی وەرگێڕاوە کە لەگەڵ پرنسیپە چەسـپاوەکانی شـــەریعەتدا پـــێچەوانە و دژ نـــین، ئەمەش ڕۆڵـــی گەورەی لە

دروستکردنی هۆشیاریی یاساییدا له‌ ناوه‌ندی ئایینی و حوجره‌یدا هه‌بووه‌، ده‌کرێت له‌ چوارچێوه‌ی ڕیفۆرم و کرانه‌وه‌ی ئایینییدا هه‌ژمار بکرێت، چونکه‌ تا ئه‌و سه‌رده‌مه‌ش حوجره‌کانی کوردستان هاوشێوه‌ی ده‌وروبه‌ریان هه‌ستیاریی زۆریان به‌ بابه‌ته‌ نوێیه‌کان و شێوازی خوێندنی نیزامی هه‌بووه‌. به‌ قسه‌ی "محه‌مه‌د ڕه‌سوڵ هاوار"، له‌ زۆر شوێنی کوردستاندا دژایه‌تیی خوێندنی میری کراوه‌. له‌ هه‌ندێك جێگه‌ی دیکه‌شدا خوێندنی هاوچه‌رخ به‌ چاولێکه‌ریی مناڵه‌ فه‌ڵه‌ و جووه‌کان لێك دراوه‌ته‌وه‌ (بڕوانه‌: صدیق، ٢٠٢٤: ٢٩٢_٢٩٣). هه‌روه‌ها له‌و کاته‌شدا خوێندن به‌ زمانه‌کانی عه‌ره‌بی و فارسی بووه‌، که‌متر زمانی کوردییان به‌کار هێناوه‌، به‌ قسه‌ی شاکر فه‌تاحیش (٢٠٠٤، ٦٩) مامۆستای ئایینیی وه‌هاش هه‌بووه‌، هه‌ر حه‌زی به‌ زمانی کوردی نه‌کردووه‌ (١٩٣٠). چه‌ندین ساڵ پاش ئه‌وه‌ش عه‌لائه‌دین سه‌جادی (١٩٥٦: ٨٧) سه‌رنجی ئه‌وه‌ی داوه‌ فه‌قێکانی بادینان هیچ ده‌رباره‌ی ئه‌ده‌بیاتی کوردی نازانن، له‌ کاتێکدا شاره‌زای فارسی بوون و زمانی خوێندنیشیان عه‌ره‌بی بووه‌. له‌وه‌ش سه‌یرتر باسی له‌وه‌ کردووه‌ موفتیی شاری ئامێدی توانای نووسین و خوێندنه‌وه‌ی به‌ زمانی کوردی نه‌بووه‌، که‌ زمانی دایکیی خۆی بووه‌. ئه‌مه‌ش بۆ زۆر له‌ دادوه‌ر و موفتی و مامۆستا ئایینییه‌کانی ئه‌وکاته‌ هه‌ر هه‌مان شتن.

کۆکردنه‌وه‌ی شه‌ریعه‌ت و یاسا و گرنگیدان به‌ یاساش، لای 'مه‌لا کاکه‌ حه‌مه‌' له‌ شێوازی کاری زانای به‌رزنجی 'ئه‌حمه‌د فائیز'

(١٨٤٢_ ١٩١٨) دەچێـت، دوور نیـیە کـاریگەر بووبێـت بەم نـاودارە کوردە، کاریگەرییشی لەسەر 'مەلا کاکە حەمە' هەبووبێت، بەتـایبەت کە سەردەمەکەیان نزیکە و مەلا کاکە حەمە چوار ساڵ پـاش کـۆچی دوایـی ئەو دادوەر بــووە، ئەو کــاتەش یەکێــك لە بەرهەمەکــانی "ئەحــمەد فــائیز" بە نــاوی "کنــز اللســن" پرۆگرامــی خوێنــدنی حوجرەکانی کوردستان بووە. ناوبراو پێشـتر وەک زانـایەکی گەورەی شەریعەت و دادوەرێکی بەتوانـا لە دەوڵەتـی عوسـمانی و لە چەنـد شـــارێکی عێـــراق و کوردســـتاندا، وەک: مەرگە، کـــۆیە، قەرەداغ، کوتولعەمـارە، مونتەفیـک، کەربەلا، دەرسـیم، ئـورفە، قەسـتەمۆنی و ناوەندی موسـڵ کـاری کـردووە. وەک شـەرعزانێکی ڕۆشـنبیریش لە لایەنگرانی چاکسازییەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی و گۆڕانکارییەکـانی بواری دەسـتوور و یاسـادا بـووە (بـڕوانە: کۆمەڵێـک تـوێژەر، ٢٠٢٣: ١٣٩). هەمـان نەفەس و شـێوازی کـارکردنیش لە هەوڵەکـانی مەلا کاکە حەمەدا هەیە.

دەکرێـت گـرنگترین تەوەر و هەنـدێک لە وردەکـاریی کارەکـانی مەلا کاکە حەمە بەم جۆرە بخرێتە ڕوو:

**ـ گرنگیدان بە نوێکردنەوەی خوێندنی حوجرە:**

مەلا کــاکە حەمە لە یەک کاتــدا هەوڵــی داوە هۆشــیارییەکی ڕاستەقینەی ئـایینی و تێگەیشـتنێکی زانسـتی دەربـارەی بنەماکـانی شــەریعەت دروســت بکــات، ئەویــش بە دوو شــێواز؛ دروســتکردنی حــوجرەی فەقێیــان، کە هەیــکەل و شــێوازەکەی نزیــک بــووە لە

قوتابخانه نیزامییەکانەوە و خۆی ناوی لێ ناوە "مەنهەجی دەرسیم بۆ قوتابی"، بە جۆرێک کە وانەی سروود و وەرزشیشی لەخۆ گرتووە (نیزامی، ٢٠٢٥: ١٢، ٤٦). وا دەریش دەکەوێت ئەم کارەی ناوبراو بریتی نەبووە لە کارێکی ئاسایی مەلایەتی کە بە شێوازێکی کلاسیك مزگەوت و حوجرە و فەقێی هەبێت، لە کۆتاییدا مۆڵەتی مەلایەتیی بە فێرخوازەکانی ببەخشێت تا لە گوندێکدا کاری مەلایەتی بکەن، بەڵکوو ئەم پەروەردە و پێگەیاندنە بریتی بووە لە پرۆژەیەک کە خۆی بەرنامەی بۆ داناوە و مەبەستی بووە بە پلان ساڵانە بەو شێواز و میتۆدەی خۆی دایناوە، کۆمەڵێک مەلا و خوێندەواری نوێ بە تێگەیشتن و زانستێکی تازەوە پێشکەش بە میللەتەکەی بکات، کە لانی کەم شارەزایی و ڕۆشنبیرییان دەربارەی یاسا و زانستە هاوچەرخەکانی سەردەمی خۆیان هەبێت: وەك جوگرافیا، مێژوو، لۆژیك و... هتد. هەندێک جاریش کە بەپێی پلانەکەی جێبەجێ نەبووە و بۆی نەکراوە لەسەری بڕوات، بێزاریی دەربڕیوە، دەڵێت: "من ٣٠ ساڵە خەریکم، هەر دە ساڵ دووسەد و پەنجا کەسم بۆ دروست بکرایە، ئێستا حەوتسەد و پەنجا مەلا کاکە حەمە بۆ کوردی عێراق خزمەتێک دەردەکەوت" (بڕوانە: نیزامی، ٢٠٢٥: ٤٩). ئەگەر سەیری ئەم دێڕە بکەین، کە دەڵێت "بۆ کوردی عێراق خزمەتێک دەردەکەوت" ئەمە دەریدەخات کارکردنەکەی وەک مەلایەکی ئاسایی بێ پلان و فیکرە و بەرنامە نەبووە، بەڵکوو کاری بۆ میللەتێک کردووە و بازنەی کارەکەشی هەمووی کوردی عێراق بووە.

**ـ بەکوردیکردنی دادوەری و سەنەد و بەڵگەنامەکان:**

لایەنێکی دیکەی ژیانی مەلا کاکە حەمە کاری دادوەرییە. لە سەردەمی شێخ مەحمودی مەلیکدا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لە ناحیەی سەنگاو بووە بە دادوەر (قاضي)ی سەنگاو. پاش تێکچوونی "شێخ مەحمود" لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بووە بە دادوەری ناوچەی قەرەداغ، لە سایەی ئیدارەی "شێخ عەبدولقادری گۆپتەپە"وە. ١٩٢٥ کە شێخ عەبدولقادر گیراوە و دوور خراوەتەوە، "مەلا کاکە حەمە"ش گیراوە و پاش چوار مانگ بۆ وانەبێژی و کردنەوەی قوتابخانە چووەتە ناو هۆزی گەورەی جاف (فەتاح١٩٧٢: ١١). لە ئەرکی داوەریکردنیشدا تەنها وەک دادوەرێکی ئاسایی کاری نەکردووە، بەڵکوو لە پەنا دادبینیدا یاساکانی سەردەمی خۆی بۆ کوردی وەرگێڕاوە، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە بە لایەوە گرنگ بوون و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی زۆرینەی دانیشتووانی کوردستانی ئەو کاتەوە هەبووە، لەوانە: "یاسای ماف و ئەرکی جووتیار"، "یاسای سزادانی بەغدادی"، "یاسای تەسویە". ئەم یاسایانەش لە سایەی ئینتیدابی بەریتانیدا دەرچوێنراون، کۆمەڵە یاسایەکیش بوون کە بەگشتی کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی و بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە، کاریگەرییەکەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیان و گوزەران و پیشەی خەڵکەوە هەبووە، بەتایبەتی بواری زەویوزار و کشتوکاڵ.

ئەم کارەی مەلا کاکە حەمەش پەرەسەندنێکی گرنگە لە سلێمانی و لە جێگەکانی کارکردنیدا، چونکە زمانی کاری دادوەری لە عێراق و کوردستاندا پێشتر تورکی و عەرەبی بووە؛ لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کە حوکمڕانی عێراق بوون (١٥٣٤ - ١٩٢٠) سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی یاسادانان و حوکمداری و قەزاوەت بریتی بوو لە شەریعەتی ئیسلامی، لەناو شەریعەتی ئیسلامییشدا بریتی بوو لە مەزهەبی حەنەفی (جانبولات، ٢٦) کە تان و پۆ و سەرچاوەکانی عەرەبین، بەڵام دادگاییکردن و بەڕێوەبردنی دەزگای دادوەری لە هەموو ویلایەتەکاندا بە زمانی تورکی بوو، لەوانەش عێراق (المحمود، ٢٠١٥: ٢٨). ئینگلیزەکان کە جێگەی عوسمانییان گرتەوە و ساڵی ١٩١٥ هاتنە بەسرە، دەستیان بە دانانی کۆمەڵێک یاسا کرد بە ناوی "یاسای عێراق"، کە زۆربەی لە یاساکانی هیندەوە وەرگیرابوون. پاش گەیشتنی بەریتانییەکان بۆ عێراق، دادوەرە تورکەکان و فەرمانبەرەکانیان عێراقیان بەجێ هێشت و سەرلەنوێ لە لایەن ئینگلیزەوە بە هاوکاریی کۆمەڵێک دادوەری عێراقی دەزگای دادوەری لە عێراقدا پێک هێنرایەوە. لەمە بەدواش بڕیار درا پرۆسەی دادوەری و دادگاییکردن بکرێت بە زمانی عەرەبی، لەبری زمانی تورکی (المحمود، ٢٠١٥: ٢٩).

بەپێی چەند بەڵگەنامەیەك کە بەردەستن و هیی کاروباری دادوەرین، مەلا کاکە حەمە بە ناونیشانی دادوەر (قازی)ی قەرەداغ واژووی کردووە، هەروەها زمانی کوردییشی بۆ نووسینی سەنەد و

بڕیارەکـان بەکـار هێنـاوە. یەکێـک لەو  بەڵگەنامـانەش بـریتییە لە سـەنەدی فرۆشـتنی عمـومیی پـارچەیەک زەوی "ئەشرەف ئاغـای ڕەبـاتی، بە شـێخ مسـتەفا ئەفەنـدیی کـوڕی شـێخ عەبـدولقادری گـولەنەبڕ". ئەم سـەنەدە لە لایەن مەلا کـاکە حەمەوە سـاڵی ١٩٢٤ واژوو کراوە، پاشان لە سجلدا تۆمار کراوە و نـووسراوە: "لە سـجلدا قەید و موقابەلە کرا". دواتر نووسراوە "قـاضي قـرەداغ ١٩٢٤/٣/٦" (ئەرشـیفی م. عەبـدولڕەقیب یوسـف). گرنگیـی ئەم بەڵگەنامـانەش لەوەدایە، لە کاتێکـدا نـاوبراو کـاری دادوەریـی کوردانـدووە، سەرەتاکانی سەدەی بیسـتەم بـووە، بەڵام لە ئێسـتادا کە لە سـەدەی بیست و یەکداین و دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردییە، کەچی تـا ئێسـتاش لە هەرێمی کوردسـتاندا لە هەنـدێک لە دادگاکانـدا، دادگـاییکردن و نووسینی بڕیار هەر بە زمـانی عەرەبییـە! ئەمەش دەکرێـت بکـرێتە ئاماژەی ئەوەی مەلا کاکە حەمە سـەدەیەک پـێش سـەردەمی خـۆی کەوتووە لە بەکوردیکردنی کاری دادوەریدا.

**ـ بەکوردیکردنی یاساکان:**

بەکوردیکردنی یاساکان تا ئێستاش پڕۆسەیەکی قورسە و پێویستی بە هەوڵێکی زیهنـی و زانسـتیی زۆر هەیە، لە داهێنـان و داتاشـینی زاراوە و دەسـتەواژە یاسـاییەکاندا، لەبەر ئەوەی کـورد خـاوەنی دەوڵەت نەبووە و حوکمدارییەکی درێژخایەنی لە مێژوویەکی نزیکدا نەبووە، ئەو دەسـتەواژە و زاراوانە لەنێـو نووسـینی کوردیـدا نـین و

دەتوانین بڵێین تا ئێستاش کورد لە داهێنـان و بەکارهێنـانی وشـە و زاراوە و دەسـتەواژە یاسـاییەکاندا بە زمـانی کـوردی هەژارە. بە پێچەوانەوە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا وردترین وشە و ناونان هەیە بـۆ کاری کشتوکاڵی، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی تـا ڕادەیەکـی زۆر کـۆمەڵگەیەکی کشـتوکاڵی بـووە، ئەو ناونـانە بـۆ کـاری کشـتوکاڵی پێویستی بە لایەنی حوکمداری و ڕەسمیات نییە، بەڵام یاسا بـابەتێکە بە تونـدی بە مەسـەلەی حـوکمەوە بەسـتراوەتەوە، کە تـا ئێسـتاش زۆربەی یاساکان لە هەرێمی کوردستاندا نەکـراون بە کـوردی، نەک هەر ئەوە، بەڵکـوو لە زۆربەی خولەکـانی یاسـادانانی پەرلەمـانی هەرێمی کوردستاندا یاساکان بە عەرەبی دەردەچوون (بڕوانە: برلمان كردستان، مجموعة قوانين: ٢٠١٠).

دەسـتبردنی مەلا کـاکە حەمە بـۆ بەکـوردیکردنی یاسـاکان ئازایەتییەکی گەورەی زانستی و کەسیی خۆی بووە، ئەگینـا چەنـدین مەلای تـر لە کوردسـتان کـراون بە دادوەر (قـازی)، وەک مامۆسـتا شـێخ مـحەمەدی خـاڵ کە کـوردیزانێکی زۆر باشـیش بـوون، بەڵام نەچوون بە لای ئەم بابەتە گـرنگەدا کە پەیوەنـدیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خەڵکەوە هەبووە. وا دەردەکەوێـت مەلا کـاکە حەمە خـاوەنی هزرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە، ویستوویەتی مـیللەتەکەی وەک میللەتانی دەوروبەری خاوەنی زمانی دەسەڵات و حوکمـداری بێـت، لەمەشـدا مەگەر نـالی پـێش مەلا کـاکە حەمە کەوتبێـت، کاتێـک لە سەردەمی بابانەکاندا ویستی زمانێکی ستاندارد بـۆ کـورد دابنێـت و

بتوانێت کارێک بکات زمانی ڕەسمی و حوکمداری بۆ کورد دروست بکات (بڕوانە: خۆدزکۆ، ٢٠٠٥: ٦٢). هەوڵی ئەم دوو ناودارەی کوردیش دەچێتە خانەی گرنگیدان بە زمانی کوردی و هەوڵی گونجاندنی لەگەڵ پەرەسەندنە کارگێڕییەکان و دەرچوون لە هەژموونی زمانە باڵادەستە باوەکانی ناو کورددا کە عەرەبی و تورکی بوون لە پلەی یەکەم.

### یاسا بەکوردیکراوەکان

مەلا کاکە حەمە چەند یاسایەکی کردووە بە کوردی، کە گرنگترین یاساکانی سەردەمی خۆی بوون، لەو یاسایانەش بوون کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە هەبووە، بەتایبەتی هەردوو یاسای "قانون حقوق و واجبات الزراع" و "قانون التسوية". ئەم دوو یاسایە پەیوەندییان بە ژیانی خاوەن موڵک و جووتیار و کێشەکانی زەویوزارەوە هەبووە، چونکە لەو سەردەمەدا زۆربەی خەڵکی کوردستان سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی بوون. ئەم دوو یاسایە بوونە جێگەی مشتومڕی زۆر خەڵک لە عێراق و کوردستان، بەتایبەتی یاسای "تەسویە" کە کێشەیەکی زۆری دروست کرد؛ بە جۆرێک ئاغا و خاوەن موڵک و سەرۆکعەشیرەتەکان ڕازی نەبوون پەیوەندییە کشتوکاڵییەکانی زەویوزار بەپێی ئەم یاسایە ڕێک بخرێتەوە، بەڵکوو دەیانویست وەک جاران دەسەڵاتێکی بێسنووریان بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکاندا هەبێت، جووتیاریش تەنها بریتی بێت

له کرێکـــارێکی کشـــتوکاڵی و هیچـــی تـــر، بـــێ ئەوەی مـــافی خاوەندارێتیی زەویی هەبێت.

ئەگەر قانعی شاعیر بە شیعرەکانی هەوڵی دابێت هۆشـیارییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ گەلەکەی دروست بکات، فەلاح و سەپان و کرێکار و ڕەنجدەری کورد بە مافەکـانی خـۆی و نەتەوەکەی بەئاگـا بهێنێـتەوە، ئەوا مەلا کـاکە حەمە لە ڕێـگەی وەرگێڕانـی یاسـاکانی پەیوەسـت بە جووتیـارەوە، بەپێـی پسـپۆڕی و شـارەزایی خـۆی خزمەتیـان بکـات، جـگە لەوەش هەوڵـی داوە بـۆ بونیادنـانی دەسەڵاتێکی دادوەری بە زمانی کوردی، کە دوای نزیکەی سەدەیەک هێشتا هەنگاوەکانی ئەو لە کۆمەڵگەی کوردیدا تەواو نەکراون.

هەر لەو چوارچێوەیەشـدا مەلا کـاکە حەمە "یاسـای سـزادانی بەغدادی" (قانون عقوبات البغدادی) بە شێوازێکی تایبەتیی خۆی و بە شـێوەی پرسـیار و وەڵام وەرگێـڕاوەتە سـەر زمـانی کـوردی، بە هەمان شێوە گرنگیی خۆی هەبووە بـۆ ئەوەی هـاووڵاتی بزانێـت چ ڕەفتارێـک تـاوان دروسـت دەکـات، سـزاکەی چییـە و چـۆن سـزا دەدرێت.

دەشـێت ئەمـانە وەک هەوڵێکـی زانسـتی و کرداریـی مەلا کـاکە حەمە بـۆ بڵاوکـردنەوەی هۆشـیاریی یاسـایی بە زمـانی کـوردی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە قەڵەم بدرێن، پاشـخان و مێـژووی هەر سـێ یاساکەش بەم شێوەی خوارەوەیە:

**١ -یاسای ماف و ئەرکی جووتیاران (قانون حقوق و واجبات الزراع):**

گرنگیی وەرگێڕانی ئەم یاسایە لەوەدایە کە یاساکە ساڵی ١٩٣٣ دەرچووە و مەلا کاکە حەمە ساڵی ١٩٣٤ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (بۆ بەراورد؛ لە هەرێمی کوردستاندا یاسامان هەیە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی کوردی و لە پەرلەمانی کوردستاندا ساڵی ١٩٩٣ بە عەرەبی دەرچووە و تا ئێستا نەکراوە بە کوردی).

ئەم یاسایە لە سەردەمی ئیستیعماری ئینگلیزیدا دەرچوو، دوای ئەوەی کێشەی زەویوزار لە عێراقدا تەشەنەی سەندبوو. پێشتر لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پەیوەندییەکان بە جۆرێک ڕێک خرابوون کە ئەو کەسەی زەویوزاری پێ دەدرا، دەبوایە پەیوەندیی بە خاوەن موڵکەوە هەبێت، وەک جەنگاوەرێکی یەدەگ حیسابی بۆ دەکرا؛ لە کاتی جەنگدا ئەگەر داوا بکرایە، دەبوو وەک جەنگاوەرێکی خێڵ ئامادە بێت. هەموو دەسەڵاتەکەش لەژێر دەستی سەرۆک خێڵدا بوو، جووتیاریش جەنگاوەرێکی خێڵ بوو کە لەژێر ئاڵای عەشیرەتدا دەجەنگا.

لە سەردەمی ئینگلیزدا پەیوەندییەکە گۆڕا؛ ئەو پێویستییە نەما کە جووتیار جەنگاوەرێکی خێڵ بێت، ئەوەش بە هۆی نەمانی ململانێی نێوان خێڵەکان و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، تا ڕادەیەک بونیادنانی دامودەزگا دەوڵەتییەکان. پەیوەندییەکە لە پەیوەندییەکی "زەوی-خێڵ"ەوە گۆڕا بۆ پەیوەندییەکی ئابووری. بۆیە لە لایەن دەسەڵاتداریی ئیستیعماری ئینگلیزەوە شارەزایەکی بەریتانی بە ناوی "سێر ئێرنست داوسن" (Sir Ernest Dowson) ڕاسپێردرا بە توێژینەوە لە بابەتی

کێشەی زەویوزار و کشتوکاڵ و دانانی چارەسەرێکی یاسایی بۆ پەیوەندییە کشتوکاڵییەکان، پاشان پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ دەرکردنی یاسایەکی گونجاو بۆ جێگرتنەوەی شێوازەکەی سەردەمی عوسمانی. ئەو شارەزا بەریتانییە ساڵی ١٩٣١ و دوای دیراسەکردنی کێشەکان، ڕاپۆرتێکی پێشکەش کرد بە دەرکردنی هەر سێ یاسای: "تەسویەی مافی زەویوزار ژمارە ٥٠ی ساڵی ١٩٣٢، یاسای ماف و ئەرکی جووتیار ژمارە ٢٨ی ساڵی ١٩٣٣، یاسای لازمە ژمارە ٥١ی ساڵی ١٩٣٢" (بطاطو، ٢٠١٨: ١٦).

ئەگەرچی ئەم یاسایە یاسایەکی هاوسەنگ نەبوو لە نێوان خاوەن موڵک و جووتیاردا، بە شێوەیەکی کرداری سیستەمی دەرەبەگایەتیی لە عێراقدا جێگیر کرد، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدا بوو ماف و ئەرکەکانی جووتیاری دیاری کرد؛ لەو چوارچێوە یاساییەدا جووتیار دەیتوانی داوای مافەکانی خۆی بکات و تا ڕادەیەک دەسەڵاتی ڕەهای خاوەن موڵک و سەرۆک خێڵەکانی دیاری کرد.

**٢ -یاسای تەسویەی زەوی (قانون تسوية الاراضي) ژمارە ٥٠ی ساڵی ١٩٣٢:**

پاش دوو ساڵ لە دەرچوونی و ساڵی ١٩٣٤، مەلا کاکە حەمە کردوویەتی بە کوردی، چونکە دیارە گرنگیی ئەم یاسایەی بۆ جووتیاری کورد زانیوە، لەگەڵ گۆڕانکاریی ئەم یاسایە دەیهێنێتە ئاراوە. وا دیاریشە مەلا کاکە حەمە ویستوویەتی زۆربەی جووتیاری کورد لە مافەکانی لەو یاسایەدا بەئاگا بێت و هەوڵ بدات مافەکانی

خۆی بەپێی یاساکە لەسەر ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە بچەسپێنێت کە چەندین ساڵە لەژێر دەستیدا بوون و باج و ڕسووماتی داوە.

چیرۆکــی ئەم یاســایەش دوورودرێــژ و ئــاڵۆزە، لە ســەردەمی عوسمانیدا شـێوازی لەبندەسـتی (حیـازە)ی زەوی و بەکارهێنـانی و چۆنێتیی کۆکردنەوە و وەرگرتنی باج و ڕسـووماتی زەوی لە عێراقـدا بەگشتی جیاواز بوو، بەتایبەتی لە نـاوچە کوردییەکـانی عێراقـدا. لە سەدەی شازدەوە دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچە کوردییەکاندا هەمـوو زەویی کشتوکاڵی و شێوازی ئیدارەدان و دیاریکردنی باج و خەراجی زەوی و چــۆنێتیی کــۆکردنەوەی خســتبووە ژێــر دەســتی ئاغــا کوردەکـانەوە. ئاغـاش بەپێـی بەرژەوەنـدیی خـۆی بـاج و خەراجـی زۆری دەخسـتە سـەر فەلاحەکـان، کە بەشـی زۆری بـۆ خـۆی بـوو، بەشێکیشـی بە خەزێـنەی دەوڵەتـی عوسـمانی دەدا. بە تێپەڕبـوونی کات وای لێ هات دەوڵەتی عوسمانی بـڕی بـاج و خەراجـی خـۆی دیاری دەکرد، ئیتر هەرچی زیاد بوایە، سەرۆک عەشیرەت و ئاغا بۆ خۆیانیـان دەبـرد (واتە وەک جۆرێـک لە مقـاوەلات/ئیلتیزامی لـێ هاتبوو)، بـۆیە ئەوانـیش بـاج و خەراجێکـی زۆریـان دەخسـتە سـەر جووتیاری کورد، چونکە بەشی دەوڵەتی عوسـمانی دیـار بـوو، بەڵام بەشی خۆیان زۆر بوو، بۆیە جووتیاری کورد لە کوێرەوەریدا دەژیـا. دواتــر لە ســەردەمی "تەنــزیمات"دا چەنــد یاســایەکی بــۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویـوزار دەرکـرد، بەڵام هەر بە شـێوەیەکی ڕیشــەیی کێشــەکەی چارەســەر نەکــرد (حســین، ١٩٥٨: ٢٤). ئەو

یاسایانەشی لەم بارەیەوە دەرچوون، وەک یاسای ئەرازی ١٨٥٨ و یاسای تاپۆی زەوی ١٨٥٩ کە "مەدحەت پاشا" ساڵی ١٨٦٩ لە عێراقدا جێبەجێی کرد، لە کاتی جێبەجێکردندا دەرکەوت هیچی لە بەرژەوەندیی جووتیار و زاریعدا نییە، چونکە زەوییەکان بە پارەیەک بەو خەڵکانە دەفرۆشران کە زەوییەکان لەژێر دەستیاندا بوو، بەڵام زۆربەی جووتیاران ئەو بڕە پارەیەیان نەبوو بیدەن بۆ بەخاوەنکردنی زەوییەکانیان، بۆیە زیاتر ئاغا و سەرۆکهۆزەکان سوودیان لێ بینی و بوون بە خاوەنی ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەویی کشتوکاڵی.

تاوەکوو دەوڵەتی عێراقی ساڵی ١٩٣٢ یاسای تەسویەی دەرکرد، ئەم یاسایە تا ڕادەیەک ڕۆڵی لە دیاریکردنی جۆری زەوییەکان و ڕووبەر و سنوورەکەی و چەسپاندنی خاوەندارێتی و تاپۆکردنی بە ناوی خاوەنەکانیانەوە هەبوو. هەروەها ئەو مافەی دا بەو کەسانەی زەوییەکەیان لەژێر دەستدا بووە، ئەگەر بیسەلمێنن لەژێر دەستیاندا بووە، دەیانتوانی بیکەن بە ناوی خۆیانەوە. ئەم یاسایە چەند هەموارێکی تری بەدوادا هات. جووتیارانی کوردستان سوودیان لەم یاسایە وەرگرتووە، چونکە دەسەڵاتی ڕەهای ئاغاکانی سنووردار کرد، کە پێشتر مامەڵە و تەسەڕوف بەو زەوییانەوە لە لای ئەوان بوو؛ ئاغا و مەلاکەکان هەر ساڵێک بە ئارەزووی خۆیان دەیانتوانی زەوی لە جووتیارێک وەربگرنەوە و بیدەن بە کەسێکی تر.

ئەم یاسایە مشتومڕ و کێشەی زۆری لە ناوچە کوردییەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا، بەتایبەت لە ناوچەی پشدەر، بتوێن، شارەزوور و چەمچەماڵ. هەر بە هۆی ئەم یاسایەوە بوو کۆمەڵێک پارێزەر بوون بە پارێزەری خۆبەخشی جووتیارەکان، تا ڕادەیەکی باش جووتیارەکانیان لە داواکردنی مافەکانیان بەپێی ئەم یاسایە بەئاگا هێنایەوە، لەوانە پارێزەران "عومەر دەبابە" و "ئیبراهیم ئەحمەد" کە خۆبەخشانە پارێزەرایەتییان بۆ جووتیارەکان دەکرد. بۆیە ڕەفتاری ئەم پارێزەرانە و ئاگاهێنانەوەی جووتیارەکان مایەی قبووڵی ئاغا و موڵکدارەکان نەبوو، دوای ئەوەی چەند جارێک ئەو پارێزەرانە ئاگادار کرانەوە واز لەو کارەیان بهێنن و بەرگری لە فەلاحەکان نەکەن، لە لایەن ئاغایەکی دەسەڵاتدارەوە دەست لە پارێزەر "ئیبراهیم ئەحمەد" وەشێنرا، تەقەی لێ کرا و بریندار کرا، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە بەرگریی لە جووتیارەکان دەکرد (نورەدین، ٢٠٢٤: ١٨٧). لەمەشەوە دەکرێت لە گرنگیی وەرگێڕانی بۆ کوردی لە لایەن مەلا کاکە حەمەوە تێبگەین.

**٣ -یاسای سزادانی بەغدادی (قانون عقوبات البغدادي):**

ئەم یاسایە ساڵی ١٩١٨ لە لایەن "ولیەم ڕین"ەوە، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق دەرکراوە، ساڵی ١٩١٩ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە عێراقدا تاوەکوو پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، یاساکانی دەوڵەتی عوسمانی کاریان پێ دەکرا، لەو

یاسـایانەش "قـانوونی جەزای عوسـمانی ١٨٥٩" کـاری پـێ دەکـرا (قانون العقوبات البغدادي: ٣)، تاوەکوو عێراق لە لایەن ئیستیعماری بەریتـانییەوە داگیـر کـرا. دوای داگیرکردنـی شـاری بەسرە (سـاڵی ١٩١٥) هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یاسـاکانی عوسـمانی و لە شــوێنیدا یاســای نــوێی دەرکــرد، کە لە یاســاکانی هینــدەوە وەرگیرابوون.

ئەم یاسایە بۆیە نـاو نـرا "یاسـای سـزادانی بەغـدادی" (قـانون عقوبات البغدادی)، بۆ چـۆنێتیی جێبەجێکردنـی ئەم یاسـایە، سـاڵی ١٩١٩ "یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزای بەغدادی" بۆ شێوازی دادگاییکردن دەرچوو. ئەم یاسایە سەرەتا تەنها لە ویلایەتـی بەغـدا بەرکار بوو، دواتر گشتاندنی پێ کرا و لە هەموو عێراقـدا جێبەجـێ کرا.

ئەم یاسایە سەرەڕای ئەوەی بە یاسایەکی کاتی ناو دەبـرا، بەڵام نزیکەی نیو سەدە لە عێراقدا کاری پێ کرا (قانون العقوبات: ٧)، تا ساڵی ١٩٦٩ بە یاسای سـزادانی عێراقـی ژمـارە ١١١ی سـاڵی ١٩٦٩ هەڵوەشایەوە.

سەرەتا ئەم یاسایە بە زمانی ئینگلیـزی دەرکـرا، پاشـان لە لایەن یەکێک لەو وەرگێـڕانەی کە هـاوەڵی سـوپای ئیسـتیعماری بەریتـانی بوو، بە زمانێکی لاواز (ڕەکیك) بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدرا.

لەبەر ئەوەی بە لای مەلا کـاکە حەمەوە ئەم یاسـایە یاسـایەکی بنچینەیی (ئەساسی) بوو، بۆیە هەوڵی داوە بنەما سەرەکییەکانی ئەم

یاسـایە بکـات بە کـوردی لە شـێوەی ڕوونکـردنەوەی چەمـک و دەسـتەواژەکانی نـاو یاسـاکە و بە شـێوازی پرسـیار و وەڵام، وەک ئەوەی: "قـانوون چیـیە؟ قـانوونی عوقووبـات کـامەیە؟ قـانوونی عوقووبات چەند قیسمە و سەرەیانی چـۆنە؟ تـاوان (جـرم) چیـیە و چەند قیسمە؟ و سزا چییە و دیفاعی شەرعی چییە؟...". بەم شـێوەیە بنەما سەرەکییەکانی یاساکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

مەلا کاکە حەمەی تاڵشی بە شێوەیەکی کورت و پوخت ناوەڕۆکی یاساکەی کورت کردووەتەوە بۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی ئاسـان خەڵـک لێی تێبگات، بەرچاوی ڕوون بێت چ ڕەفتارێک تاوان پێک دەهێنێت و جـۆری تـاوانەکە و سـزاکەی چیـیە. بـۆیە تەواوی یاسـاکەی وەرنەگێڕاوە، چونکە یاساکە کە ٣٣٠ ماددەیە، جۆرێـک لە نـاڕوونی و تـێکەڵاوی و لەیەکچـوونی ماددەکـانی تێـدایە، مانـدووبوونی زۆری دەویست و پێ دەچێت خـوێنەریش لە نێـوان وردەکـاریی یاسـاکەدا سەری لێ دەرنەکردایە. واتە مەلا کاکە حەمە ئەم یاسایەی تەنها بـۆ پـارێزەران و هێـزە ئەمنییەکـان و ئەوانەی لە بـواری یاسـادا کـار دەکەن، وەرنەگێـڕاوە؛ بەڵکـوو بە جۆرێـک کردوویەتـی بە کـوردی و ڕێکـی خسـتووە، کە هەمـوو هـاووڵاتییەکی کـورد لێـی تێبگـات و ئامانجیشی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی بووە.

**گرنگترین دەرەنجامەکان:**

لە میـــانی خوێنـــدنەوە و شـــیکردنەوەی هەوڵە زانســـتی و یاساییەکانی "مەلا کاکە حەمەی تاڵشی"، دەگەینە ئەم ئەنجامـانەی خوارەوە:

١ .پێشەنگی لە بەکوردیکردنی یاسا و دادوەریدا: مەلا کاکە حەمە بە یەکەمین ئەو کەسایەتییانە دادەنرێت کە بە شێوەیەکی پراکتیکـی و لە سەردەمێکدا کە زمانی تورکی و عەرەبی باڵادەست بوون، زمانی کــوردیی کــردووەتە زمــانی دادگــا و نــووسراوە فەرمییەکــان. ئەو ســەدەیەک پـێش ئێسـتا درکـی بەوە کـردووە بـۆ ئەوەی کـورد ببێـتە خاوەنی قەوارەی خۆی، دەبێت خـاوەنی زمـانی ئیـداری و یاسـایی خۆی بێت.

٢ .بەدەستهێنانی دادپەروەریـی کـۆمەڵایەتی لە ڕێـگەی یاسـاوە: هەڵبژاردنـــی یاســـاکانی وەک "مـــافی جووتیـــار" و "تەســـویە" بـــۆ وەرگێڕان هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکوو ئامانج لێـی هۆشـیارکردنەوەی چیـنە چەوســـاوەکانی کـــۆمەڵگە (جووتیـــاران و ڕەنجـــدەران) بـــووە، بەرانـــبەر دەســـەڵاتی ڕەهـــای ئاغـــا و دەرەبەگەکـــان. ئەمەش دەریـدەخات نـاوبراو یاسـای وەک ئامرازێـک بـۆ پاراسـتنی مـافی مرۆڤ و یەکسانی بەکار هێناوە.

٣ .ڕیفۆرمخوازێکی ئایینی و یاسـایی: جیـاواز لە بەشـێکی زۆری زانایـــانی نەریتیـــی ســـەردەمەکەی، کە یاســـا دانراوەکـــان (قـــانون وضعی)یان ڕەت دەکردەوە، مەلا کاکە حەمە هەوڵی داوە پردێـک لە

نێوان "شەریعەت" و "یاسا"دا دروست بکات. ئەو توانیویەتی بە دیدگایەکی کراوەوە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی سەردەمی ئینگلیزدا بکات و لە خزمەتی گەلەکەیدا بەکاریانبهێنێت، بێ ئەوەی لە بنەما شەرعییەکان لا بدات.

٤ .بەکارهێنانی میتۆدی ئاسانکاری و پەروەردەیی: لە شێوازی وەرگێڕانەکانیدا، بەتایبەت لە یاسای سزاداندا، پەیڕەوی وەرگێڕانی وشەبەوشەی نەکردووە، بەڵکوو شێوازی "پرسیار و وەڵام" و پوختکردنەوەی بەکار هێناوە. ئەمەش زیرەکیی ئەوە دەردەخات ئامانجی سەرەکیی تێگەیشتنی خەڵکی ئاسایی بووە لە ماف و ئەرکەکانیاندا، نەک تەنها نووسینەوەی دەقێکی یاسایی وشک بۆ پسپۆڕان.

# لە کۆتاییدا سوپاسی بێپایان ئاراستەی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف دەکەم، کە لوتفیان کرد و هەندێك بەڵگەنامەی پەیوەست بە سەردەمی دادوەریکردنی "مەلا کاکە حەمە"ی لە قەرەداغ بۆ ئەم شرۆڤەیە بەردەست خست.

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

_ تاڵشی، مەلا کاکە حەمە. (بێ بەروار) شەش لاپەڕە پەراوێز و بڕیاری دادگا. بەڵگەنامەی دەستخەت. ئەرشیفی تایبەتی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ئەرشیفی دیجیتاڵیی "ناوەندی کوردستان"، بە کۆدی "SKC.1289" پێڕست کراوە.

_ تاڵشی، مەلا کاکە حەمە. (بێ بەروار) قانوونی تەسویەی حقوقی ئەرازی. دەستنووس. سلێمانی: بنکەی ژین؛ ئەرشیفی دیجیتاڵی. ناوەندی کوردستان، دۆسیەی M.K.176.

_ تاڵشی، مەلا کاکە حەمە. (بێ بەروار) قانوونی حقوق و واجباتی زراعی. دەستنووس. سلێمانی: بنکەی ژین؛ ئەرشیفی دیجیتاڵی. ناوەندی کوردستان، دۆسیەی M.K.176.

_ تاڵشی، مەلا کاکە حەمە. (بێ بەروار) قانوونی عوقووباتی بەغدادی. دەستنووس. سلێمانی: بنکەی ژین؛ ئەرشیفی دیجیتاڵی. ناوەندی کوردستان، دۆسیەی M.K.176.

_ خۆدزکۆ، ئەلیکساندەر. (٢٠٠٥) چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی: دیالێکتی سلێمانی. وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا. سلێمانی: بڵاوکراوەی بنکەی ژین (چاپخانەی شڤان).

_ سەجادی، عەلائەدین. (١٩٥٨) گەشتێک لە کوردستاندا. بەغدا: چاپخانەی مەعاریف.

_ سدیق، عادل. (٢٠٢٤) یادداشتنووسین. سلێمانی: خاڵ.

_ فەتاح، شاکر. (١٩٧٢) مەلا کاکە حەمە. سلێمانی: چاپخانەی کامەرانی.

_ فەتاح، شاکر. (٢٠٠٤) ئاوێنەی ژینم. هەولێر: ئاراس.

ـ كۆمەڵێک توێژەر. (٢٠٢٤) دیداری ئەحمەد فائیز بەرزنجی. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی (زانکۆی سلێمانی).

ـ نورەدین، بوار. (٢٠٢٤) ئیبراهیم ئەحمەد لە چەند نووسراودانێکی دادگادا. چاپی یەکەم. ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن (چاپخانەی ئێران).

ـ نیزامی، عومەر (٢٠٢٥). مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوللا تاڵشی. سلێمانی: بڵاوکراوەی خاڵ (چاپخانەی کارۆ).

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

ـ أحمد، د. أنور عباس .(٢٠١٩) النظام القضائي في الدولة العثمانية . الطبعة الأولى. أربيل: مطبعة تبا.

ـ برلمان كوردستان-العراق .(٢٠١١) مجموعة القوانين والقرارات الصادرة .الطبعة الأولى. أربيل.ـ

ـ بطاطو، حنا .(٢٠١٨) الشيخ والفلاح في العراق .ترجمة: د. صادق عبد علي. بغداد: دار السطور.

ـ جانبولات، أورهان صادق .(٢٠١٢) قوانين الدولة العثمانية وصلتها بالمذهب الحنفي .الطبعة الأولى. بيروت: معهد الفكر الإسلامي.

ـ حسين، محمد توفيق .(١٩٥٨) نهاية الإقطاع في العراق .الطبعة الأولى. بيروت: دار العلم للملايين.

ـ السامرائي، كامل .(١٩٥٠) قانون التسوية رقم ٥٠ لسنة ١٩٣٢
.الطبعة الثانية. بغداد: منشورات مكتبة المثنى (مطبعة العاني).

ـ السامرائي، كامل .(١٩٥٧) قانون العقوبات البغدادي وتعديلاته .الطبعة الثانية. بغداد: منشورات مكتبة المثنى (مطبعة المعارف).

ـ المحمود، مدحت .(٢٠١٥) القضاء في العراق .الطبعة الرابعة. بغداد: دار السنهوري.

ـ مورو، أوديل .(٢٠١٨) *الدولة العثمانية في عصر الإصلاحات* .ترجمة: سعود المولى. قطر: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.



# کاروانی یاسایی و دادوەریی ئیبراهیم ئەحمەد؛
# ئەو دادوەرەی دادگایی کرا

ئەو پارێزەرانەی توانیویانە لە پیشەکەی خۆیاندا سەرکەوتوو بـن و هاوکات لە بوارەکانی تریشدا بگەنە ئاستی پسپۆڕیك کەمن، بە جۆرێک بەرهەمەکانیان ببێتە سەرچاوە و مەرجەع بۆ نووسەران و توێژەران. لە مێژووی عێراقدا، عەباس عەزاوی یەکـێکە لەو پـارێزەرە دیـارانەی کە نووسـینەکانی وەک سـەرچاوەیەکی بنەڕەتیـی مێژوویـی دەنـاسرێن. بەرهەمەکانی ئەو لە بواری مێژووی عێراق و پێکهاتە جیاوازەکاندا (بە نەتەوەی کوردیشەوە) بە جـۆرێکن، کە هـیچ توێژەرێـک ناتوانێـت بـێ گەڕانەوە بۆیان، کارەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت.

لە نێو کوردیشدا، یەکێک لەو پارێزەرانەی کە ڕووبەری کارکردنی زۆر فراوانتر بووە لە ڕووبەری کارکردنی عەباس عەزاوی، مامۆستا ئیبراهـیم ئەحـمەدە؛ کە لە یەک کاتـدا کارەکـانی پـارێزەری و دادوەریـی بە سـەرکەوتوویی ئەنجـام داوە، هاوکـات لە بوارەکـانی سیاسـی، ڕۆشـنبیری و ئەدەبیشـدا بەوپەڕی لێهـاتووییەوە خزمەتـی کردووە.

### ئیبراهیم ئەحمەد؛ یاساناسێکی فرەپسپۆڕ

ئیبراهـیم ئەحمەدفەتـاح، نـاسراو بە (بـله)، یاسـاناس، سیاسـەتمەدار، ڕۆژنـامەنووس و نووسـەرێکی پێشـەنگی کـوردە. لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغـدا تەواو کـردووە. لە سـاڵی ١٩٣٤ لە کـۆلێژی مـاف (حقـوق) لە بەغـدا وەرگیـراوە و لە سـاڵی ١٩٣٧دا بڕوانـامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا بەدەستهێناوە. ئەم باکگراوەندە یاساییە بووە

هەوێنـــی کـــارەکتەری ئەو لە داڕشـــتنی پـــڕۆژە سیاســـی و دەسـتوورییەکاندا و وەک پـارێزەرێکی لێهـاتوو لە کـایەی گشـتی و سیاسیی وڵاتدا دەرکەوتووە.

ئەو یەکـێکە لە کـارەکتەرە هەرە کاریگەرەکـانی بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد؛ وەک دامەزرێنەر و سکرتێری پارتی دیمـوکراتی کوردســتان و دواتــر وەك ســەرچاوەیەك بــۆ پــرۆژەی یەکێتیــی نیشتمانیی کوردستان و کاریگەرێـك لەسـەر ئەم حیـزبە لە دوورەوە ڕۆڵی مێژوویی گێڕاوە. لە پاڵ سیاسەتدا، ڕۆژنامەنووسـێکی چـالاک بووە و لە ڕۆژنامەکانی (ژیان، خەبـات و کوردسـتان)دا خزمەتێکـی زۆری بە زمانی کوردی و هۆشیاریی سیاسی کردووە. هەروەها وەک چیرۆکنـووس و شـاعیر، یەکـێکە لە کـۆڵەکە گرنگەکـانی ئەدەبیـاتی بەرگــری و نــوێگەریی کــوردی. لە ٨ی نیســانی ٢٠٠٠، لە شــاری لیڤەرپــوڵی بریتانیــا کــۆچی دوایــی کــرد و لە شــاری ســلێمانی ئەسپەردەی خاک کرا. (بڕوانە: حەسەن، ٢٠٠٩: ١٣_٢٠؛ ١٤٣_ ٢٣٥).

دیـارە لە ســەردەمی پاشـایەتی و کۆماریـدا، ئەو پـارێزەرانەی توانای زانسـتیی یاسـاییان بەهێـز بـووە، دەکـرا بە دادوەر؛ یەکێـک لەوانە مامۆسـتا ئیبراهـیم ئەحمەدبـووە. لە سـەردەمی پێشـوودا بە دادوەر دەوترا (حاکم) و دواتر لە یاساکانی عێراقدا گۆڕا بۆ (قاضي - دادوەر). مامۆسـتا لە شـارەکانی هەولێـر، کـۆیە و هەڵەبـجە وەک دادوەر کاری کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسییەکی وریـا و وردەکـار بووە لە بواری حیزبی و کاری ڕێکخراوەییدا، بە جۆرێـک تـا ئاسـتی

سکرتێری حیزبێکی پڕ لە ململانێ ڕۆیشتووە. هەروەها شاعیر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو بووە؛ ئەگەر سەرقاڵییە سیاسییەکانی ڕێگرییان لێ نەکردایە، ئێستا یەکێک لە پڕبەرهەمترین کەسایەتییەکانی ئەو بوارانە دەبوو، بێجگە لەوەی وەک ڕۆژنامەنووسێکی لێهاتوو چەندین ڕۆژنامەی دەرکردووە.

ئەم فرەپسپۆڕییە و چڕییەی کارکردنی، نەبووەتە هۆی ئەوەی لە بوارێکیاندا لاواز بێت. ئەگەر توێژینەوە لە هەر بوارێکیاندا بکەیت، چ یاسایی بێت یان ئەدەبی و سیاسی، هەست بە پسپۆڕییەکی تەواو دەکەیت. بۆ نموونە، لە بواری ئەدەبیدا بەرکەوتنت لەگەڵ بەرهەمی ئەدیبێکی گەورەدا دەبێت، کە دیارترینیان بریتین لە: ڕۆمانی (ژانی گەل) کە بەرهەمێکی ناوازەی نەتەوەیی-کۆمەڵایەتییە، هەروەها (کوێرەوەری)، (دواشەوی بەختیاری ڕەش) و کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی.

ئەم فرەییە لە بوارە جیاوازەکاندا لە سەردەمە دێرینەکاندا باو بووە؛ کاتێک دەبینین خوێندەوارێک لە یەک کاتدا فەیلەسووف، شاعیر، زانای ماتماتیک و فەلەکناس بووە. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیش بەم تایبەتمەندییانەوە، دەچێتەوە سەر ئەو سەردەمە زێڕینەی زانست و خوێندەواری.

**ڕەهەنـدە ئەخلاقـی و نیشـتمانییەکانی ئیبراهـیم ئەحـمەدلە کایەی دادوەریدا**

ئیبراهـیم ئەحـمەد، پـێش ئەوەی بە کردەیـی بچێـتە نێـو کـایەی پـارێزەری و دادوەری، خـاوەنی بیروبـاوەڕ و عەقیـدەیەک بـووە کە ڕەگ و ڕیشەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سـتەمکاری و بەرگریکـردن لە مەزڵـوومیەتی خەڵکـدا بـووە. بێگومـان بەشـێکی زۆری ئەم عەقیـدەیە لە بـارودۆخی چەوسـانەوە و سـتەمکاریی سـەر نەتەوەکەیەوە سـەرچاوەی گرتبـوو. ئەم فیکـرەیە لە سـەردەمی گەنجێتیـدا تێیـدا گەشـەی کـرد و بە تێپەڕبـوونی کـات بـووە مەنزوومەیەکـی فیکریـی تەواو، کە تەنـانەت سـنووری مەسـەلەی میللەتەکەشـی تێپەڕانـد و گـۆڕا بـۆ فیکرێکـی مرۆیـی فـراوان؛ ئەم ڕاسـتییە لە کـاتی پێـداچوونەوە بە دۆسـیەکانی پـارێزەرایەتی و دادوەرییەکەیدا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت.

لێـرەدا بە کـورتی گـرنگترین ئاکارەکـانی لە بـواری دادوەری و یاساییدا دەخەینە ڕوو:

**١. پاراسـتنی مەزڵوومـان و ئیتیکـی مرۆیـی لە پیشـەی پارێزەریدا**

مومارەسەکردنی پیشـەی پـارێزەرایەتی لای ئیبراهـیم ئەحـمەد، پابەنـد بـووە بە بیروبـاوەڕ و عەقیـدەیەک کە کـاریگەریی تەواوی لەسـەر پیشـەکەی هەبـووە. ئەو بیروبـاوەڕەش لەسـەر بنەمـای بەرگریکردن لە ستەملێکراوان و مافخوراوانی ناوخۆ و دەرەوە بونیاد

نرابوو، بە جۆرێک دژی هەمـوو جـۆرە سـتەمکارییەک بـووە لەسـەر ئاسـتی تـایبەت و گشـتی. ئەم بیروبـاوەڕەی ئیبراهـیم ئەحمەدکاریگەریی نەبووە لەسەر ئەوەی کە ستەملێکراوەکە هەڵگری چ ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕێکە.

ئەم ڕەفتارەی لەو سەردەمەدا کە خوێندکاری کۆلێژی یاسا بـووە پەیڕەو کردووە؛ بۆ نموونە کاتێک ئیبراهیم ئەحمەدلە سـاڵی ١٩٣٨دا لەسـەر نووسـینی کتێبـی (الأكـراد والعـرب) کە بە زمـانی عەرەبـی نووسیبووی و هێشتا خوێندکاری زانکۆ بوو، دەدرێـتە دادگـا. کاتێـک دەبـرێتە بەردەم دادوەر، لەوێـدا دەبینێـت کەسـێکی دیـکە دادگـایی دەکرێت کە لە تورکیاوە بەبێ پاسپۆرت هاتبووە عێراق. لە ناوەڕۆکی لێپرسـینەوەی ئەو کـابرایەدا دەردەکەوێـت کە هەڵگـری فیکرێکـی ئیسلامیی توند بووە؛ کاتێک دادوەر لێی دەپرسێت: "بـۆچی هـاتووی بۆ ئێرە؟"، ئەویش دەڵێت: "من لە (دار الکفـر)ەوە هـاتووم بـۆ (دار الاسـلام)[1] ". مەبەسـتی لە "دار الکفـر" حـوکمڕانیی عەلمـانیی

---

١. "چەمکی (دار الکفر و دار الإسلام) دوای فراوانبوونی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیسـلامی هـاتە ئـاراوە. هەریەک لە ئیمامـی مـاوەردی و ئەبـو یەعـلا لە کتێبـی 'الأحکـام السـلطانیة' دا بە وردی باسـیان لەم ئەحکامـانە کـردووە. بەپێـی ئەو تێڕوانینە، 'دار الکفر' ئەو وڵاتەیە کە یاسا و حوکمی نائیسـلامی تێـدا باڵادەسـت بێت؛ واتە پێوەرەکە زۆرینەی دانیشتووانەکەی نیـیە کە ئایـا موسـڵمانن یـان نـا، بەڵکو پێوەرەکە جۆری ئەو یاسا و حوکمڕانییەیە کە پەیـڕەو دەکرێـت. هەر لەبەر ئەمەشە، سـەردەمی ئەتـاتورک لەلایەن گـروپە بنیادگەرەکـانەوە (أصـولی) وەک حوکمی کوفر لەقەڵەم درا.

ئەتـاتورک بـووە لە تورکیـا. پاشـان دادوەر پێـی دەڵێـت: "بـۆچی پاسپۆرتت پێ نییە؟"، ئەویش لە وەڵامـدا دەڵێـت: "مـن پاسـپۆرت لە کافر وەرناگرم".

دادگا حوکمی ئەو کـابرایەی دا بە بژاردنـی غەرامەیەک بە بـڕی (٣) دینـار و زینـدانیکردن بـۆ مـاوەی ٢٩ ڕۆژ. مامۆسـتا ئیبراهـیم ئەحمەدلە بارەی ئەو ساتەوە دەڵێت: "حاکمەکە خۆی دەستی کرد بە گیرفانیـدا و دینـارێکی دایە، منـیش کە وەک گـوێگر و تاوانبـارێکی چاوەڕوان لەوێ بووم، گـورج دینـارێکم دا بە کـابرا، پارێزەرەکەشـم (تۆفیق بابان، بـرای جەمـال بابـان) دینـارێکی تـری پـێ بەخشـی" (مەردۆخ، ٢٠١٠: ٦٦). ئاشـکرایە ئەو کـابرایە توانـای بژاردنـی غەرامەکەی نەبـووە و ئەگەر ئەوان هاوکارییـان نەکـردایە، دەنێردرایەوە بۆ تورکیا و ڕووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار و خـراپ دەبووەوە. ئەگەرچـی ئیبراهـیم ئەحـمەدلە ڕووی بیروبـاوەڕەوە زۆر لەو کـابرایە دوور بـوو، بەڵام قەنـاعەتی وابـوو کە ئەو مـرۆڤە ستەملێکراوە، ستەملێکراویش هەر کەسێک بێـت و لە هەر شـوێنێک بێت، دەبێت هاوکاری بکرێت.

هەروەها لە سەردەمی پارێزەرایەتیـدا لە شـاری سلێمانی، وەک پارێزەر بەرگری لە ژنێک کردووە کە هیچ پارێزەرێکی دیـکە بەهـۆی نفـووزی لایەنـی بەرامـبەرەوە نەوێـراوە دۆسـیەکەی وەربگرێـت. ئیبراهیم ئەحمەدبێبەرامبەر چـووە نـاو کێشـەکەوە. ئەو ژنە لەلایەن

موڵکـدارێکی گەورە و خـاوەن نفـووزی سـلێمانییەوە هەوڵ درابـوو مافی زەوی و زارە کشتوکاڵییەکانی بخورێت. ئەگەرچـی ئەو خـاوەن موڵکە زۆر هەوڵی دا ئیبراهیم ئەحمەدبە تەماعی پـارە، پەیوەنـدیی کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەڕەشەکردنیش پاشەکشـە بکـات، بەڵام ئەو هەرگیز خیـانەتی لە بیروبـاوەڕی خـۆی نەکـرد و پێـی وتـن: "ئێمە بەڵێنمان بەو ژنە داوە بەرگری لێ بکەین و مافە زەوتکراوەکانی بـۆ بگەڕێنیـنەوە، ئێـوە بـڕۆن خۆتـان ژنەکە ڕازی بـکەن و مـافەکەی بدەنەوە، ئەو کاتە ئێمە واز دەهێنین و مـافی خۆشـمان نە لەو و نە لە ئێوە وەرناگرین". بەهۆی ئەم موکوڕییەی ئیبراهـیم ئەحـمەدەوە، ئەو موڵکــدارە لە ڕێــگەی دەســتە و تــاقمەکەیەوە لە ڕێکەوتــی ١٩٥٣/١٢/٢١دا تەقەیـان لە مامۆسـتا کـرد و بریـنداریان کـرد. ئەم ڕووداوە لە سلێمانی هەرایەکی گەورەی نایەوە و بـوو بە مەسـەلەی ڕای گشـتی، تـا گەیشـتە ئەوەی وەزیـری نـاوخۆی عێـراق و لایەنە پەیوەندیـدارەکان بێـنە سـەر هێـڵ بـۆ بەدواداچـوونی دۆسـیەکە (نورەدین، ٢٠٢٤: ١٦٥).

### ٢ .جەسارەتی یاسایی و موکوڕی لە چەسپاندنی حەقدا

ئەگەر چاوێکی خێرا بە ژیانی پارێزەرایەتیی ئیبراهیم ئەحـمەددا بخشـێنین، بۆمـان دەردەکەوێـت ئەو کێشـانەی وەک پـارێزەر وەریگرتـوون، زۆر چاونەترسـانە و بە موکـوڕییەوە بەرگریـی لـێ کردوون. بۆ نموونە دۆسیەی یەکێک لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی بە ناوی (کەریم سۆفی) کە دۆسیەیەکی ئەمنی-سیاسیی ئاڵۆز بـووە.

هیچ پارێزەرێک ئامادە نەبووە بەرگریی لێ بکات، چونکە کەریم سۆفی یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی شیوعی لە سلێمانی و پێشتریش حوکم درابوو. لە کاتێکدا حیزبی شیوعی یەکێک بوو لە حیزبە دێرینەکان و زۆرترین خوێندەوار و پارێزەری هەبوو، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەدسەرەڕای جیاوازیی ئایدۆلۆژی، بەرگرییەکی سەرسەختانەی لێ کرد. بەهۆی ئەو بەرگرییە لێهاتووانەیەوە، حوکمێکی کەمی بۆ بڕایەوە، بەڵام بەداخەوە کەریم سۆفی دواتر بەهۆی نەخۆشیی سیلەوە لە زیندان کۆچی دوایی کرد. (ئەم بابەتەی کەریم سۆفی لە کتێبی "الموسوعة السرية للحزب الشيوعي العراقي" کە لە چاپخانەی حکومەت چاپ کراوە، ئاماژەی پێ دراوە).*

### ٣. ڕۆڵی دادوەری لە پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزیی نیشتمانی:

ئەگەرچی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدبە حوکمی بیروباوەڕەکەی هەمیشە پاڵپشتی خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراو بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هەوڵی دەدا یەکڕیزی و تەونی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی تێکنەچێت و میللەتی کورد بە هەموو توێژ و چین و پێکهاتەکانییەوە نەبن بە ڕکابەر و دوژمنی یەکتر.

کاتێک یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٥٨ دەرچوو، بوو بە مایەی کێشە و هەرایەکی گەورە لە نێوان جووتیاران

و خاوەن موڵکەکاندا؛ بەتایبەتی لە دەڤەری پشدەر کێشەیەکی گەورە لە نێوان جووتیاران و ئاغاکانـدا دروسـت بـوو، کە حیزبـی شـیوعی ڕۆڵی هەبوو لە گەرمکردنی ململانێی نێوان جووتیار و خاوەن موڵک و ئاغـا و کوێخاکـانی نـاوچەکەدا. ئەوکـات، هەریەک لە مامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمەدو عومەر دەبابە ناوبانگ و ناودارییەکی گەورەیـان هەبوو لە بەرگریکردن لە خەڵکی ستەملێکراو و جووتیاران؛ هەروەک گەلاوێـژ خـانی خێزانـی دەڵێـت: «بەیـانی تـا ئێـوارە لە هەمـوو ناوچەکانەوە جووتیار و مافخوراو دەهاتن بۆ لای مامۆستا ئیبراهیم بۆ ئەوەی پارێزەرایەتییان بۆ بکات، چونکە لەو سـەردەمەدا هەمـوو پارێزەرێک نەیدەتوانی بچێتە نێو ململانێی جووتیار و ئاغا و خاوەن موڵکەکانەوە» (فەتاح، ٢٠١٨).

پێشتر و تا سەردەمی کۆماری، یاسایەک هەبوو لە بەرژەوەنـدیی مەلـلاک و سـەرۆک هـۆز و ئاغاکانـدا کە دوای گفتوگـۆیەکی زۆر لەگەڵ حکـومەتی عێراقـی لە سـەردەمی پاشـایەتیدا، ئینگلیزەکـان بەسەر عێراقـدا سـەپاندبوویان بە نـاوی یاسـای (دعـاوی العشـائر المدنیـة-الجزائیـة)، کە تێیـدا ئاغـا و سـەرۆک هۆزەکـان دەسـەڵاتی دادوەرییان هەبوو و لە سەردەمی پاشایەتیدا پێیان دەوت (القضـاء العشائری - داوەریـی عەشـایەری)؛ بـۆیە ئاسـەواری ئەو دەسـەڵاتە هێشـتا لە کـۆمەڵگەی عێراقـی و کوردیـدا مـابوو. بەڵام مامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمەدزۆر جەسوورانە دەچووە ناو هەموو ئەو داوایانە و بەپێـی یاسـای "تەسـوویە" و یاسـای چارەسـەری کشـتوکاڵی کە لە

ســـەردەمی کۆماریـــدا دەرچووبـــوو، بەرگریـــی لە جووتیـــار و مافخوراوانیان دەکرد.

کاتێک کێشە لە ناوچەی پشدەر دروست بوو، پارێزەران ئیبراهیم ئەحـــمەدو عـــومەر دەبـــابە خۆیـــان گەیانـــدە نـــاوچەکە و لەگەڵ جووتیـــارانی ئەوێ کۆبـــوونەوە، پاشـــان لەگەڵ مەلـــلاک و ئاغـــا و کوێخاکان دانیشتن و یاسای تەسوورییان بۆ ڕوون کردنەوە. هەروەها لەگەڵ پارێزەری ئاغا و کوێخاکان کۆبوونەوە کە لەو کاتەدا مامۆستا مەســـعود مـــحەمەد و بەکـــر ئیســـماعیل پـــارێزەری هەنـــدێک لە موڵکدارەکانی نـاوچەی پشـدەر بـوون، مەبەسـتیان بـوو کێشـەکە بە جۆرێـک چارەسـەر بکرێـت کە تەنـانەت نەگـاتە دادگـاش و بەپێـی یاسـاکە هەرکەسـە و مـافی خـۆی وەربگرێـت. مامۆسـتا ئیبراهـیم دەڵێــت: «لەگەڵ پارێزەرەکانیشـیان کە هــاوڕێ و دۆســتمان بــوون دانیشتین و قسەمان لێ کردن، ئەوانیش قسـەی خێریـان تێـدا کـرد بەڵام نەهاتنە بار، زۆر ئازاری خاوەن حەقەکانیان دا. جووتیارەکـان خەباتی ژیان و مردنیان دەکرد، بەتایبەتی کاتێک ئێمەیـان لە پشـتی خۆیان دەبینی. پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، زۆربەی زەویـوزار و باخ و باخات و قەدەغەکان درانەوە بە خاوەنەکانیـان و هەیـمەنەی دەرەبەگ و زۆردارەکانمـــان شـــکاند» (بۆتـــانی، ٢٠٠٧: ١٣). بەڵام هەندێک لە کوێخا و ئاغاکان ڕازی نەبـوون، بـۆیە کێشـەکە گەیشـتە دادگـا و لەلایەن دادگـاوە لە بەرژەوەنـدیی جووتیارەکـان یەکلایـی کرایەوە (محەمەد، ٢٠٠٦: ٤٨٨).

لێــرەدا دەردەکەوێــت ئیبراهــیم ئەحمەدهەوڵــی دەدا بە هەر جۆرێـک بێـت پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی کـۆمەڵگەی کـوردی تێکنەچێـت و زیـاتر خەریکـی هێـورکردنەوەی کێشـەکان بـوو لە نێوانیانــدا، چــونکە بــڕوای وابــوو لە دەرئەنجامــدا زیــان بە دۆزە گەورەکە دەگەیەنێـت کە دۆزی میللەتـێکە. بەڵام لایەنەکـانی دیـکە، بەتایبەتی حیزبی شیوعی، هەوڵیان دەدا کێشـەکە قـووڵتر بێـتەوە و ببێتە ململانێیەکی چینایەتی تـا لە بەرژەوەنـدیی حیـزب بشـکێتەوە. ئیبراهیم ئەحمەدلە پێشدا لەگەڵ خـاوەن موڵـک یـان پـارێزەرەکەی دادەنیشت تا کێشەی جووتیارەکان چارەسەر بکرێت و نەگاتە دادگـا، چونکە دەیزانی هەوڵی زۆر هەیە بـۆ تێکـدانی تەونـی کـۆمەڵایەتیی کورد؛ تەنانەت دەوڵەتی ئێرانیش هەوڵی دەدا نـاکۆکی لەو نـاوچەیە بقۆزێتەوە بـۆ دروسـتکردنی ئـاژاوە و پشـێوی. ئێـران عەشـیرەتێکی چەکدار دەکـرد دژی عەشـیرەتێکی دیـکە؛ کاتێـک کۆمەڵێـک ئاغـای ناوچەی پشـدەر (میراودەلییەکـان) پەنایـان بـۆ ئێـران بـرد و دوای ماوەیەک بە چەکەوە گەڕانەوە و پەلامـاری دوو گونـدی عەشـیرەتی مەنگۆڕیـان دا (گونـدی دێلـوو و مێـرتکە کە نزیکـی قەڵادزێـن) تـا داگیری بکەن. بێگومـان ئەو شـەڕە بە داوای ئێـران کـرا تـا ئـاژاوە بنێتەوە و دوژمنایەتیی نێوان دوو عەشیرەتی پشدەر و مەنگـۆڕایەتی تازە بکاتەوە و ببێـتە شـەڕی نـاوخۆ (سـابیر: ٧٧). ئەم هەڵوێسـتەی مامۆســتا ئیبراهــیم ، هەڵقــوڵاوی بیروبــاوەڕێکی جــوامێرانەی کوردایەتی بوو کە بڕوای پێی هەبوو.

**٤ .باڵادەستیی ئینتیمای نیشتمانی و لێبڕان بۆ دۆزی کورد:**

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدلێبڕانێکی تایبەتی بۆ دۆزی میللەتێک هەبوو کە لە کەم کەسدا هەبووە. لە ژیانی پارێزەرایەتی و پیشەییدا پێگەی گەورەی بەدەستهێنا، بەڵام وازی لێ هێنا تا لە دۆزی گەلەکەی دانەبڕێت. لە ساڵی ١٩٤٢ وەک دادوەر لە شاری هەولێر دامەزرا، بەڵام لە ئابی ١٩٤٤دا لە پێناو نیازێکی ڕۆشنگەرانەتردا وازی لە "حاکمی" هێنا و گەڕایەوە سلێمانی و دەستی بە کاری پارێزەری کردەوە. ئەوکات ئیمتیازی گۆڤاری "گەلاوێژ"ی وەرگرت کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٩ تا ئابی ١٩٤٩، (١١٦) ژمارەی لە (٩٩) بەرگدا لێ بڵاو کرایەوە. لە کۆتایی ئەم خەباتە ڕۆشنگەرییەدا، لە ١٩٤٩/٤/١٧ تا ١٩٥١/٣/١٤ بە تۆمەتی هەڵبەستراو سزای زیندانیی بەسەردا سەپێنرا و دواتریش بە بیانووی ئەوەی خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە مەحکووم کراوە، گۆڤارەکەش ڕاگیرا (نورەدین: ٢٦).

هەروەها لە سەردەمی کۆماریدا، وەزیری داد (عەدل)ی عێراقی (عەبدولجەبار تەکەرلی) لە ڕێگەی مامۆستا مەسعود محەمەدەوە داوا دەکەن کە کەسێکی یاسایی پاک، شارەزا و چاونەترس لە کوردستان بۆ بدۆزنەوە تا بیکەن بە (سەرۆکی ئیستیئنافی تەسوویەی هەموو کوردستان). مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێت: لە ئیبراهیم ئەحمەدچاکترم نەدەبینی لە کوردستان بۆ ئەو کارە. بەڵام ئیبراهیم ئەحمەدلە وەڵامدا وتی: «دەزانم ئەگەر ئەو پۆستەم لەدەستدا بێت، بە ئاسانی دەتوانم کێشەی فەلاح و زەویوزار لە هەموو کوردەواریدا

چارەسەر بکەم، ئینجا هەر بە ئۆتۆمبێلی حکومەت بڵاوکراوەی پارتی بێ ترس لە کوردستان بڵاو بکەمەوە؛ بەڵام چ بڵێم بە بەرەی چەپ و ناحەزان کە وەرگرتنی ئەم پۆستەم وەک ڕێگەی گۆڕین (لادان لە پرنسیپ) لەسەر ئەژمار بکەن» (محەمەد، ٢٠٠٦: ٤٨٨).

لە سەردەمی کۆماریدا، عەبدولکەریم قاسم پەیڕەوی سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە"ی دەکرد، بۆیە هەوڵی دا ئیبراهیم ئەحمەدڕازی بکات و وا مەی نواند کە ئامادەیە پارە و پێداویستیی ماددیی پێ بدات. کاتێک ئیبراهیم ئەحمەدلەگەڵ عەبدولکەریم قاسم کۆبووەوە، قاسم چاوەڕوان بوو مامۆستا داوای پێگە و ئیمتیازی ماددی لێ بکات و زۆر حەزی دەکرد مامۆستا داواکاریی لەو جۆرەی هەبێت. قاسم پێی وت: «چیت دەوێت؟ بۆ داوای شتێک ناکەیت؟»، مامۆستاش وتی: «ئەگەر ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکمان بدەیتێ شتێکی باشە». دووبارە زەعیم وتی: «چیت پێویستە بۆتان بکەم؟»، ئەویش تەنها لە وەڵامدا وتی: «تەنها مۆڵەتی ڕۆژنامەیەکمان دەوێت پێمان بدەیت» (حەسەن، ٢٠٠٩: ٤٧). ئەمە دەریدەخات کە مامۆستا ئیبراهیم کەسێک بووە تەنها لە خەمی دۆزی میللەتەکەیدا بووە و خۆی بۆ تەرخان کردووە، نەک کەسێک بێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی پێگە و دەستکەوتە تایبەتییەکانەوە.

### ٥. تێــڕوانینه دەســـتوورییەکان و وەرچەرخـــان لە مێـــژووی دادگاییکردنیدا

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندییەکانی سەرکردایەتیی کورد و عەبدولکەریم قاسـم بەهـۆی دەسـتێوەردانی دەوڵەتـانی دراوسـێ (تورکیا و ئێران) و کاریگەریی شۆڤێنیزمی عەرەبی ساردیی تێکەوت، هەڵوێستی قاسم بەرامبەر سـەرکردایەتیی کـورد و بەتـایبەت پـارتی دیموکراتی کوردستان (کە ئیبراهیم ئەحمەدسکرتێری بـوو) خـراپتر بوو. لەو کاتەدا ڕۆژنـامەی (الثورة) کە زمانحـاڵی ڕژێـم بـوو، دژی مافەکـانی کـورد دەنووسـی. لە بەرامـبەردا، ئیبراهـیم ئەحـمەدوەک خاوەن ئیمتیاز و سـەرۆکی نووسـینی ڕۆژنـامەی (خەبـات)، شـەڕی ڕاگەیاندنی دژی ئەو هەڵوێستانە دەست پێکرد (نورەدین: ٢٣٩).

دوای دەرچـوونی دەسـتووری کـاتیی عێـراق لە سـاڵی ١٩٥٨، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەددوو بابەتی یاسایی بە زمـانی عەرەبـی لە ڕۆژنامەی "خەبات"دا بڵاو کـردەوە؛ بـابەتی یەکەم بە نـاوی (الأمـة الكرديـة والمـادة الثانيـة مـن الدسـتور) لە ژمـارە (٣٣٩)ی ڕۆژی ١٩٦٠/١٠/١٩، و بابەتی دووەم بە ناوی (الأمة الكردية والمادة الثالثة من الدستور) لە ژمارە (٣٤٠)ی ڕۆژی ١٩٦٠/١٠/٢٠ (حەسەن: ١٦٢).

لەم بابەتانەدا، وێڕای وەڵامدانەوەی ڕۆژنامەی (الثورة)، باسـی ئەو دژایەتییەی کرد کە لە دەستووری کاتیدا هەبوو و ئاماژەی بەوە کـرد کە پێویســتە ئەم هەڵەیە لە دەســتووری هەمیشــەییدا ڕاســت بکـرێتەوە. مامۆسـتا شـیکردنەوەیەکی وردی بـۆ ئەو دوو مـاددەیە

کردبوو و پێی وابوو پێچەوانەی وردەکاریی زانستی و لۆژیکە؛ چونکە لە ماددەی (٣)ی دەستووردا هاتبوو «کورد و عەرەب هاوبەشن لە عێراقدا و دەستوور مافە نەتەوەییەکانی کورد دەستەبەر دەکات»، بەڵام لە ماددەی (٢)دا هاتبوو «عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب». مامۆستا مشتومڕێکی زانستیی کرد و وتی: ئەگەر کورد نەتەوەیەکە و خاوەن مافە، چۆن دەکرێت عێراق تەنها بە بەشێک لە ئوممەی عەرەبی دابنرێت؟ بەڵکو دەبێت بوترێت "عەرەبی عێراق" بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. ئەو ڕوونی کردەوە کە عێراق لە ڕووی مێژووییەوە لە "عێراقی عەرەبی" و "کوردستانی باشوور" (ویلایەتی شارەزوور یان موسڵ) پێک هاتووە؛ بۆیە ناکرێت عێراق وەک چەمکێکی سیاسی یان جوگرافی بە تەواوی بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دابنرێت. ئەم تێڕوانینە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و لە کاتی نووسینەوەی دەستووری ٢٠٠٥دا دووبارە بووەوە و دواجار هەمان پێشنیازی مامۆستا چەسپێنرا کە عێراق ئەندامی کۆمکاری عەرەبییە و تەنها گەلی عەرەب لە عێراق بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب.

بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە لە ڕۆژنامەی (خەبات)، ئیبراهیم ئەحمەدبە تۆمەتی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی بانگکرایە وەزارەتی بەرگری و لەلایەن دادوەرێکی سەربازییەوە بەپێی ماددەی (٣١)ی یاسای سزادانی بەغدادی و ماددەی (٢١)ی مەرسوومی چاپەمەنییەکان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا و پاشان بە کەفالەت ئازاد کرا. دواتر دۆسیەکەی گوازرایەوە بۆ دادگایەکی

سەربازی بە ناوی "ئەنجومەنی عورفیی سەربازی" (المجلس العرفی العسکری) کە عەبدولکەریم قاسم لە نزیکەوە ئاگاداری بوو (فتح الله، ١٩٨٩: ٨٤١). دادگا سێ شارەزای بواری مێژوویی و زمانەوانیی دیاریکرد تا ڕای خۆیان بدەن کە ئایا ئەم نووسینانە ئاژاوە دروست دەکەن یان نا، شارەزاکانیش بریتی بوون لە: (عەبدولڕەزاق موحیددین، مستەفا جەواد و مەسعود محەمەد) (محەمەد، ٢٠٠٦: ٤٨٧).

لە ڕۆژی دادگاییکردندا، سەرەڕای ئامادەبوونی چەندین پارێزەر، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدخۆی باشترین بەرگریی لە خۆی کرد و دۆزەکەی لە کێشەیەکی کەسییەوە گۆڕی بۆ دۆزی میللەتێک. داواکاری گشتیی سەربازی تۆمەتی بڵاوکردنەوەی ڕق و کینەی خستە پاڵ و داوای توندترین سزای کرد. بەڵام ئیبراهیم ئەحمەدوەک پارێزەر و دادوەرێکی شارەزا و مێژوونووسێکی ورد، بیانووی یاسایی و سیاسیی بەهێزی هێنایەوە و وتی نووسینی ئەم بابەتانە لەم قۆناغە ڕاگوزەرەدا پێویستە تا لە دەستووری هەمیشەییدا ڕەچاو بکرێن. ئەو توانی دادگا قەناعەت پێ بکات کە نووسینەکەی هەوڵێکە بۆ یەکڕیزیی نیشتمانی لەسەر بنەمای ڕاستی و ڕاشکاوی. لە کۆتاییدا، دادگا بڕیاری بێتاوانیی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی دا و ئازاد کرا. دواتر ڕۆژنامەی "خەبات" بابەتەکەی دووبارە بڵاو کردەوە وەک ڕەخنەیەک لە دەستووری کاتیی عێراق.

## سەرچاوەکان


١ _ بە زمانی عەرەبی:

الفتلاوي، أحمد ناجي نعمة (١٩٩٤). عباس العزاوي حياته وآثاره ومنهجه في كتابة تاريخ العراق. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد.

الماوردي، أبو الحسن (تحقيق: محمد جاسم الحديثي) (٢٠٠١). الأحكام السلطانية والولايات الدينية. بغداد: منشورات المجمع العلمي العراقي.

المديرية العامة للتحقيقات الجنائية (١٩٤٩). موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي. بيروت: دار النهضة العربية للطباعة والنشر.

المعهد الدولي لحقوق الإنسان (٢٠٠٥). دساتير العراق. الطبعة الأولى، نيويورك.

جمهورية العراق، مجلس النواب (٢٠١١). دستور جمهورية العراق. الدائرة الإعلامية، الطبعة الخامسة، بغداد.

فتح الله، جرجيس (١٩٨٩). العراق في عهد قاسم: آراء وخواطر ١٩٥٨-١٩٨٨. منشورات دار نبز للطباعة والنشر.

وزارة العدل (أو سلطة التشريع) (١٩٢٢). قانون دعاوي العشائر المدنية والجزائية لسنة ١٩٢٢. (د.م): (د.ن). [ملاحظة: (د.م) تعني دون مكان طبع، و (د.ن).

**به زمانی کوردی**

ئەحـمەد، ئامـانج حسـن (٢٠٠٩). بـرایم ئەحـمەد رۆڵـی لە بزاڤـی رزگـاریخوازی و رونـاکبیری گەلـی کـوردا. چـاپی یەکەم، سـلێمانی: چاپخانەی رەنج.

بۆتانی، کـاکە مەم (٢٠٠٧). کـاکە بـلە لە یـادمە: چەنـد بیـرەوەرییەک لەگەڵ رابەرێکـی رامیـاری و ئەدیبـی کوردسـتانی باشـوور مامۆسـتا ئیبراهـیم ئەحـمەد. چـاپی یەکەم، کەرکـوک: چاپخـانەی شـەهید ئـازاد هەورامی.

سـابیر، د. رفیـق (٢٠٢٣). لە ستایشـی ژیانـدا. سـلێمانی: چاپخـانەی چوارچرا.

فەتاح، گەلاوێژ (٢٠١٨). بیرەوەرییە هەرگیـز لە بیرنەکراوەکـانی مـن. سلێمانی.

مـحەمەد، مەسـعود (٢٠٠٦). گەشـتی ژیـانم. هەولێـر: چاپخـانەی رۆژهەڵات.

مەردۆخ، د. عەبـدوڵڵا (٢٠١٠). چەنـد یادگـارییەکی مامۆسـتا بـرایم ئەحمەد. چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

نورەدین، بـوار (٢٠٢٤). ئیبراهـیم ئەحـمەد لە چەنـد نـووسراودانێکی دادگادا. چاپخانەی ئێران.

هێـرش، شـازین (ئامـادەکردن) (٢٠٠٩). ئیبراهـیم ئەحـمەد لە سـێ بەڵگەنـامەی مێژوویـدا. چـاپی یەکەم، سـلێمانی: کتێبخـانەی جەمـال عێرفان.

# پاشکۆی وێنە و بەڵگەنامەکان





توێژەر لە کاتی پێشکەشکردنی بابەتەکەی لە دیداری زانستیی (ئەحمەد فایز)؛ ناوەندی کوردستان - زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٤.




نووسەر لە کاتی پێشکەشکردنی بابەتێک لە دیداری ئیبراهیم ئەحمەد - ٢٠٢٤




توێژەر لە دیداری زانستیی (مەلا کاکە حەمەی تاڵشی)؛ ناوەندی کوردستان - زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٦.



الحبل المتين

— في —

تطبيق القانون الاساسي مع الشرع المبين


اثر

ادرنه ولايت جليله سى مركز نائبى برزنجى زاده

احمد فائز

BELEDİYE KİTAPLIĞI 7351

ATATÜRK KİTAPLIĞI K.7964 Belediye Osmanlıca Kitaplığı



بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذى هدانا الى سبيل الرشاد * ووفقنا بلطفه لنصيحة العباد والصلوة والسلام على سيدنا محمد خير المبعوثين وعلى آله اعيان الملة والدين وعلى اصحابه رضوان الله تعالى عليهم اجمعين اما بعد فاعلم ان القانون الاساسى مشتمل على مواد شتى تنقسم الى قسمين القسم الاول هو اساس بنى عليه قوام الحكومة وبقاء الملة مثل المشاورة واجراء العدالة بين عباد الله تعالى والاتحاد قوم مع قوم والمساوات التى هى من جملة العدالة فهذه كلها موافقة للشرع الشريف الا ان بعض الناس لا يعلم تطبيقها مع الشريعة المطهرة ويفسرها بغير علم على وجه يهيج المتشرعين وهو غير عالم بما خذها (والقسم الثانى) سياسى صرف يتعلق به مدار الملك ولا يضر بالشرع مثل عدد اعضاء المشورة ووظيفتهم وترتيب المجالس ووظائفهم فهو شئ منوط بتدبير الامة ورأى الحكومة لا يحتاج الى تطبيقه مع الشرع مع ان الامور السياسية كما قاله شيخ الاسلام المرحوم محمد عارف افندى فى كتابه المسمى بسانحاته من تشديد الاحكام الشرعيه وتغليظها وافتى بانها مشروعة فبادرنا الى ترتيب هذه العجالة لازالة افكار من لم يعلم تطبيقه مع الشريعة المطهرة (فنقول) اما المشاورة فهى ثابتة بنص القرآن والحديث الشريف كاية (وشاورهم فى الامر) اى فى امر الحرب ونحوه مما لم ينزل عليك فيه وحى تطييباً لنفوسهم وترويحاً لقلوبهم ورفعاً

وقد صادف تسبيك هذه الوجيزة فى سلك الانتظام * ووافق تطبيقها باحسن الختام فى ابرك الايام * وذلك فى مبدأ امامة من خصه الله بالنفس القدسية فى البرايا * وميزه بحيازة السلطنة الانسية وجميع المزايا * افضل السلاطين عدلا وشوكتا * اكمل الاساطين سطوتا وهيبتا * وارث الخلافة الكبرى كابرا عن كابر * حائز الامامة الاخرى فاخرا عن فاخر * مؤسس المشروطية المشروعة بالمشورة * مؤيد قانون اساس الشرع المبين بالمفخره * وهو عين الرشاد * الى طريق الحق والسداد * ومظهر الخير لكافة العباد * السلطان الاعظم * والخاقان الاشهم * اعنى به حضرة السلطان محمد خان الخامس * حفظه الله عن شر اهل الدسايس * وابد ظلال رأفته على مفارق الانام * وشيد اركان خلافته لاعلاء معالم الدين الى نهاية الايام * لا زالت اقمار سعوداته عن افق التجليات طالعه * وما برحت كواكب عظمته فى اوج الاجلال لامعة بارقة ساطعه *

ومن يقل من الانام آمين يحشره الله مع الائمتين

الداعى لدولته العليه . برزنجى زاده

السيد احمد فائز المولى بخلافه بولاية


ادرنة المحميه

غفر له


وعفى

عنه

بەرگی کتێبی "الحبل المتین"ی ئەحمەد فایز بەرزنجی لە ئەرشیفی عوسمانی.



بڕیارێکی دادوەریی مەلا کاکە حەمەی تاڵشی لە قەزای قەرەداغ، ١٩٢٤.



[قانونی موقەتی وە واجباتی زراعی]
ژمارە (٢٨)

لە پاش زانینی مادەی (٢٨) موعەدەلەی قانونی ئەساسی وە ئیستیناد بە بەلەطایەک کە لە طەرەفی جەلالەتی مەلیک فەیسەلی ئەوەڵەوە بەخشراوە وە بە موافەقەی مەجلیسی ئەعیان وە نەوابی مەرسوم کرد بە دانانی قانونی ئاتی بە نیابەتی جەلالەتی مەلیک فەیسەلی ئەوەڵ


[بابی ئەوەڵ بە حەقی شومولی قانون وە تەعریفی]

مەقسوودی ئەم قانونە بەم لەفزانە کە ئەیڵێین ئەم مەعنایانەیە کە بەیان ئەکرێ (صاحب مەزرەعە) کوتی کەسێکە کە موماریسی زەراعەت بێ لە ئەرزێکا کە ئاو بخوا بە سیح یا نە وەعیکی تر یا خوودەکەم وە ئەوکەسە تەفویض کرابێ لە ئەرزی ئەمیرییەدا یا ساحیبی حەقیکی وەقفی بێ لە ئەرزێک مەوقوفەدا یا مالک بێ لە ئەرزی مەملوکەدا یا لە باخی یا ئەوەڵ کە ئەرزەکەی پێکی بێ لەو ئەرزانە کوتمان یا صاحیب لەزمەبێ یا مەرزوون بێ لە تەرەف حوکومەتەوە یا عەقدی لەگەڵ کرابێ بە موجیبی موقاوەلەی تەحریریە یا ضمنیە بو قیامی بە ئیستیثماری زوراعی لە ئەرزی ئەمیریەدا کە غەیرە موفەوەزە بێ یا ئیدارەی ئەرزەکەی بە موجیبی ئیجازەی رەسمی یا موقاوەلەی مونعەقیدە لەگەڵ ساحیب عەلاقەدا دەراسیتی بو ئیدارە زوراعی
(سرکال) کوتی کەسێکە کە ساحیب مەزرەعە موقاوەلەی لەگەڵ کردبێ بو رەئیسی بیقداری فەلاح لە ئیدارەی زەراعەتا بە حیصەیەک لە حاسڵاتی زوراعی یا حەقیکی مەعلومە بە گوێرەی موقاوەلە
(فەلاح) کوتی کەسێکە کە خەریکی زەرعی زەراعەتە کە بە پێی موقاوەلە لەگەڵ ساحیب مەزرەعە یا بە ئیزنی ئەووە بە موقابیلی ئەووە بە شێکی مەعلومی لە مەحصولاتی زەراعەتە کە بو دانرێ یا کرێیەکی مەعلومە (حوکومەت) ئەووە زیرانەیە کە موختەصن وە ئەو مەئمورانە کە تابیعی ئەو وەزارەتن کە بە پێی ئەو بوهەبوو وەزارەتی ئیختیصاصی هەیە . . . . . . .

دەستنووسی کوردانی "قانون و واجباتی زەراعی" لەلایەن مەلا کاکە حەمە؛ بنکەی ژین.


قانون
حوقوقی تەسویەی ئەرازی ژمارە (٥٠) هی ساڵی (١٩٣٢)م
إمیە کە مەلکی عیراقین
بەموافەقەی مەجلیسی ئەعیان وە نەوابی ئەمرمان دا بە دانانی
قانونێ کە ئەیلێین
ماددە (١) أ) وەزیری مالیە ئەتوانێ جێگەیەک یا چەند جێگەیەک دانێ بۆ جێ
بەجێ کردنی تەسویەی حەقی ئەرزلە ویدا بە آگاداری بوون زانینی رەئیسی
یا گەلی رەئیسی تەسویە وە مەحکەمە یا مەحکەمەکانێ کە ناوی ئەبرێ لەم قانونەدا
(ب) خەریتە بوونانی ئەم جێگە یا جێگایانە لەوانەیە بە مەساحەی تەواو بوبێ
وە خەریتەی بوونانی بە میقیاس کە کەمترنەبێ لە ١/٢٠،٠٠٠ ...
(ج) إعلان ئەکرێ لەو جێگە یا جێگایانە کە لەم ماددەدا بیژرا بە بەیانێکە دە
ئەچێ لە جەریدەی رەسمیا
ماددە (٢) کە پێویست بوو رەئیسی تەسویە ئەکاتە رەفیق یەکێ یا زیاتر لە مە
مورطابو وە دائەرەی لە ژێر ئەمری رەئیسا تاقیبوانەکە رووبەرووبەدەن

دەستنووسی کوردانندنی "قانونی حقوقی تەسویەی ئەرازی" لەلایەن مەلا کاکە حەمە؛ بنکەی ژین.



عقوباتی بغدائ

س مقصود له عقاب چیه •

[illegible]

س قانون چیه •

ج هه موادو امر و نهیانه یه که لازمه هه موکس تبعیتی
بکات که مجلسی امت یعنی مجلسی مبعوثان وای
اونین له پاشی تحقیقاتی له طرف مجلسی شیوخه وه
ملکی معظم تصدیقی اوکات وه امراوکات به بلاو
کرونه وه ی له طرف وزه راوه •

س عقاب چیه •

ج او وآزاره یه که قانون وای اولی بواو کسا
که جرمی بکی •

س جرم کامه یه •

ج او کرده وه یه یه که خلق اوی کا له سر خلافی امری
قانون وه ک قتل وه دزی وه لیدان وه جنیودان [illegible]


س قانون عقوبات کامه یه •

ج او تعریفانه یه که واضحی اوکات یعنی آشکرای
اوکات او کرده وانه که خلق له سه ری معاقب
اوبی وه او کرده وانه وه جرمه که بیان اوکا

س اقسامی قانونی عقوبات چنده یعنی چند قسمه •

ج دو قسمه (۱) قانونی عقوباتی عام (۲) قانونی عقوباتی خاص
[illegible] حکم کری سرایت اوکات بو هه موکس

لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسی کوردانندنی قانونی عقوباتی بەغدادی مەلا کاکە حەمە _ بنکەی ژین



الحكومة العراقية
وزارة العدلية
مديرية العدلية

التاريخ ربيع الاول/١٣٦١هـ
نيسان/١٩٤٢م

أمر وزارة العدلية عدد ( )

بناءً على ما تقتضيه المصلحة العامة قررنا نقل السيد ابراهيم احمد فتاح حاكم صلح كويسنجق الى حاكمية صلح حلبجة براتبه الشهري البالغ ( ٢١ ) دينارا .


فالرجاء اطلاعنا بتاريخ الانفصال والمباشرة .

وزير العدلية

صورة منه الى :-
وزارة المالية
رئاسة محكمة تمييز العراق
رئاسة لجنة امور الحكام والقضاة
مديرية المحاسبات العامة
رئاسة محكمة بداءة كركوك
محكمة السليمانية المنفردة
اربيل . — لاعلامنا عن تاريخ الانفصال
محكمة صلح حلبجة — كويسنجق
مديرية الخزينة المركزية
معاونية محاسبات وزارة العدلية
مامور خزينة لواء السليمانية

القلم
للقيد والحفظ

بڕیاری گواستنەوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بۆ هەڵەبجە، وەک دادوەر.





# دەست وەشاندن لە ماموستا ابراهیم احمد


شەوی ٢٠ و ٢١/١٢/٩٥٣ بەهاندانی پیریکی ناپاك دەستیکی چلکن
بەحای ماموستا ابراهیم احمد، دایە بەردە مانچە . ئەم کردە، وە پیس وشورە
پی یە کسپەی لەجەرگی گەورەو بچوکی دانیشتوانی ئەم شارە هەلسان .
یەکیك لەو بروسکە زورانەی لەلایەن هاونیشتمانەکانەوە کرا ئەمەی لای
خوارەوەیە کەلەلایەن هاوپیشەکانی شارەوە دراوە بەمرجعە رسمیەکان :

— خاوەن بەرزی سەرەکی نەقابەی محامیەکان
— سەرەکی لیژنەی انضباطی محامیەکان لەناوچەی موصل
— خاوەن فخامت سەرەك وەزیر
— خاوەن بەرزی وەزیری داخلیە
— متصرفی لوای سلیمانی
— مدیری شرطەی لوا + مدیری شرطەی گشتی
— حاکمی تحقیق سلیمانی
— روژنامەی صوت الاهالی پیروز
— روژنامەی لواء الاستقلال «
— روژنامەی ژین «

لەشەوی ٢٠ و ٢١/١٢/٩٥٣ دا تاوانکاریکی گوناباری پیاوکوژ پەلا-
ماری بردە سەر هاوپیشەمان محامی ابراهیم احمد وە دایە بەردە مانچە، لە
بەردەرگای مالی خویدا، لەناوە رراستی شاردا چەن پارچەیەك دور بەدائرە
یەکی رسمی کەماکینەی کارەبایە . بەرراستی کەمتەرخەمیی ئیدارە لە
پاریزگاری سەرومالی هاونیشتمانەکانو رراگرتنی ئاسایش ودلنیایی دا بوبە
هوی دوبارە بونەوەی ئەم جورە کارەساتە داخدارانە . سەردەمیك ئەبی
هەندیك دەستە پەیدا بون ناوشاریان پر کردوە لە پیاوخراپی وتوقاندنی
دانیشتوانی بەدەست دریژی چەن بارەیان چەبەشەوو چەبەروژ، وەئەم دەستە
و کومەلانە چەن سەرەکیکی رراویژکەریان هەیە خویان بەسەرشارا دا-
سەپاندوە، وە خویان لی کردوبن بەسەرکرد . تەنانەت سەردەمیك لەمەو
پیش کوردی یەکیك لەم سەرکردە دەرەبەگیانە دەمدریژی یەکی پیسی
کردە سەر رئیسی محکمە لەژورە رەسمیەکەی خویا وەگەلی جنوبی
ناشیرینی دا بەخوی وئیدار و دەولەت . ئەنجامی ئەمە چی بو؟ هیچ !
دەربارەی هیچ جورە اجرائاتیکی قانونی وەرنەگیرا وبەم جورە کردەوەیە
ادارە بوبەهوی هاندانی ئاشوب گیرەکان کەدریژە بدەن بە پیاوخراپی
لەرروژی رروناکو شەوی تاریکو نوتەکا . لەجیگایەك بونەمە هیچ اجرا
ئاتیکی قانونی نەگرا نازانین مادە ٧٧ وباشتەرەکانی بوکی داراون !
ئیمە بەوصفەمان کەلەپیشەی قانونی دا پیش ئەکەین زور بەسەختی
پروتستوی ئەم فەوساوە ئەکەین کەهاتوە بەسەر هاوپیشەیەکمانا ، وەبە
بیزاری هەرە تیژمان دەرئەبرین بەرامبەر بەپیاوخراپان وکەمتەرخەمیی
ئیدارە وەداوا ئەکەین بەگورجی اجرائاتی قانونی وەربگیریت کە-
کافی بیت بوبەرگرتی رروودانەوەی ئەم جورە کردەوانە وتاواندارو هاو
کارەکانیان رراپکیشرینە محکمە بونەوەی بەسزای هەرە سەختی قانونی
بگەن وەبەم بونەیەوە ئەدرکینین کەگشت دانیشتوانی سلیمانی بەدەست
کردەوەی ئەم گرو تاوانکارانەوە وایان لی هاتوە لەسەرومالی خویان
دلنیا نەبن !

محامیان : رؤف مصطفی ، جلیل هوشیار ، کمال احمد صالح ، نوری -
امین محمود ، قادر مصطفی ، عبدالرحمن فرج ، کریم حاجی شریف ،
مصطفی رشید .

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی دەربارەی هێرشکردنە سەر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد.


# الامة الكردية والمادة الثانية من الدستور

الامم المتحدة تجيب على برقية رئيس حزبنا الديموقراطي الكوردستاني حول اوضاع الشعب الكردي في تركيا وايران

خەبات

النضال

لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني

الحكومة المغربية تغلق القنصليات الفرنسية

١٢ تشرين الاول ١٩٦٠

## الامة الكردية والمادة الثانية من الدستور

وتاره بەناوبانگەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەبارەی (کورد و دەستووری عێراق) لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، کەلەسەری دادگایی کرا.



## دەربارەی نووسەر

حەبیب محەمەد جاف، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٣ی سنوری پارێزگای هەڵەبجەیە. ساڵی ١٩٩٥ کۆلێژی یاسای لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٩٨ـەوە وەک پارێزەری ڕاوێژکار کار دەکات؛ هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٥ـدا بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

لە پاڵ کارە یاساییەکانیدا، حەبیب جاف سەرنووسەری گۆڤار و ماڵپەڕی "کۆچ"ـە و سەرپەرشتیاری "دیداری نالی (٢٠٠٧)" و "دیداری جیهانیی مەولانا خالیدی شارەزووری (٢٠٠٩)" بووە. خاوەنی چەند توێژینەوەیەکی یاسایی و دەستوورییە و پێشتریش دوو کتێبی بەناوەکانی "مەولانا خالید، موسافیرە بێ نیشتمانەکە" و "بادیەی عیشق" چاپ و بڵاوکردووەتەوە.